# زمان و ویژەی کوردی

## پۆلی/ هەشتەمی بنەڕەتی

هەواڵنامەی کتێب

مامۆستای وانە : م. ڕێبوار جەمال سەگرمە

2010



**ماموٚستا ڕێبوار جەمال سەگرمە**

**لەدایکبووی** 1975

**گەڕەکی سەرشەقام/ سلێمانی/ باشووری کوردستان**

**بەکالۆریۆس لە زمان و وێژەی کوردی**

**زانکۆی سلێمانی کۆلێژی زمان/ بەشی کوردیی**

**دەرچووی ساڵی** 1997 – 1998

**کاری ئێستای/ ماموٚستای قۆناغی ئامادەیی لە شاری سلێمانی**

**کەناڵی تایبەتی لە** (youtube) **بە ناونیشانی** Rebwar Jamal Sagirma

**لەم کەناڵە تایبەتەوە، کۆمەڵێك ڤیدیۆی بێبەرامبەری پێشکەش بە ڕووناکبیران و خوێندکارانی کورد کردووە، لەسەر بابەتەکانی (زمان و ئەدەبی کوردی) پۆلی دوازدەی ئامادەیی، هەروەها دەوڵەمەندە بە کۆمەڵێك ڤیدیۆی تایبەت بە کەلتوور و فەرهەنگ و مێژووی کورد.**

هەواڵنامەی کتێب

تێبینی/ ئامادەکار ئەم بابەتەی لە کتێبی (زمان و ئەدەبی کوردی) پۆلی (هەشتەمی بنەڕەتی)، وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان وەرگرتووە.

# بەشی ڕێزمـــــان

یەکەم/ ناو لە ڕووی ڕەگەزەوە ........ 2
دووەم/ نیشانە تایبەتییەکانی نێر و مێ ........ 4
سێیەم/ناوی ناسراو و ناوی نەناسراو ........ 8
چوارەم/ ناوی تاك و ناوی کۆ ........ 13
پێنجەم/ ناوی بچوککراوە ........ 16
شەشەم/ جێناوی کەسی لکاو ........ 18
حەوتەم/ هاوەڵناو ........ 22
هەشتەم/ هاوەڵناوی چۆنێتی ........ 22
نۆیەم/ جۆرەکانی هاوەڵناوی چۆنێتی لە ڕووی دروستکردنەوە ........ 26
دەیەم/ پلەکانی هاوەڵناوی چۆنیەتی ........ 29
یازدەیەم/ هاوەڵناوی نیشانە ........ 31
دوازدەیەم/ جێناوی نیشانە ........ 33
سیازدەیەم/ جیاوازی نێوان جێناوی نیشانە و هاوەڵناوی نیشانە ........ 35
چواردەیەم/ هاوەڵکار ........ 37
پازدەیەم/ جۆرەکانی هاوەڵکار ........ 37
شازدەیەم/ گرێی ناوی ........ 40
حەڤدەیەم/ گرێی هاوەڵناوی ........ 42
هەژدەیەم/ گرێی هاوەڵکاری ........ 45
نۆزدەیەم/ کاری تێپەڕ و کاری تێنەپەڕ ........ 47
بیستەم/ بەرکار ........ 49

هەواڵنامەی کتێب

# ناو لە ڕووی ڕەگەزەوە

**بە پێی دەستوور لە زمانی کوردیدا، لە ڕووی ڕەگەزەوە ناو دەکرێت بە چوار بەشەوە: ناوی نێر، ناوی مێ، ناوی دوولایەن، ناوی بێلایەن.**

| ژ | ناوی نێر | ناوی مێ | ناوی دوولایەن | ناوی بێلایەن |
|---|---|---|---|---|
| 1 | پیاو | دایك | خوێنکار | ئاو |
| 2 | سیامەند | نازدار | مامۆستا | شاخ |
| 3 | کەڵەشێر | ماین | کۆتر | ترێ |
| 4 | نانەوا | ماما‌ن | مرۆڤ | دار |

**یەکەم/ ناوی نێر: ئەو ناوەیە کە لە بنەڕەتدا، بۆ ڕەگەزی نێر بەکاردێت. بۆ چوار بەش دابەشدەبێت:**

| ژ | ناوی کەسانی نێرینە | ناوی تایبەت کەسانی نێرینە | ناوی گیانداری نێر | ناوی پیشەی پیاوانە |
|---|---|---|---|---|
| 1 | پیاو | شێرکۆ | ئەسپ | نانەوا |
| 2 | کوڕ | لەزگین | کەڵەشێر | شڤان (شوانی مەڕ و بزن) |
| 3 | پسمام | پیرۆت | یەکانە (بەرازی نێر) | گاوان (شوانی گا و مانگا) |
| 4 | برا | سیامەند | نێری (بزنی نێر) | سەپان |
| 5 | مام | هاوکار | بەران (مەڕی نێر) | ئاسنگەر |
| 6 | خاڵ | شێرزاد | گا | دارتاش |
| 7 | باوك (باب) | شاسوار | کاوڕ | خزمەتکار |

**دووەم/ ناوی مێ: ئەو ناوەیە کە لە بنەڕەتدا، بۆ ڕەگەزی مێ بەکاردێت. بۆ چوار بەش دابەشدەبێت:**

| ژ | ناوی کەسانی مێینە | ناوی تایبەت بە کەسانی مینە | ناوی گیانداری مێ | ناوی پیشەی ژنانە |
|---|---|---|---|---|
| 1 | دایك | نازدار | ماین | نانکەر |
| 2 | خوشك | شیرین | بەلەندیز | بێریڤان |
| 3 | کچ | هێرۆ | مالۆس (بەرازی مێ) | تەشی ڕێس |
| 4 | دۆتمام (ئامۆزای کچ) | پەروین | مریشك | خزمەتچی، کارەکەر |
| 5 | خەسوو | شاناز | مانگا | مەڕدۆش |
| 6 | بووك | سازگار | سەکسار (مێیەی مەیمون) | مەشکە ژەن |
| 7 | پوور | بێریڤان | چوشتیر (گیسکی دوو ساڵ بزن) | مانگا دۆش |
| 8 | نەنك | ئاشنا | بەردیل (کاوڕی دوو ساڵ) مەڕ | سەردۆز |

**سێیەم/ ناوی بێلایەن: ئەو ناوانەن کە لە بنەڕەتدا، ڕەگەزیان نییە.**

نموونە: ((شاخ، دار، بەرد، ئاسن، هەنار، ئاو.....)).

تێبینی/ لە شێوەزاری کرمانجی خوارووداا، ئەم ناوانەن بێڕەگەزن، بەڵام لە شێوەزاری کرمانجی ژووروودا، ئەم ناوانە بۆ ڕەگەزی نێر یان مێ دابەشدەبن.

**چوارەم/ ناوی دوولایەن: ئەو ناوانەن کە بە هاوبەشی بۆ ڕەگەزی نێر و مێ بەکاردێن**.(قوتابی، خوێندکار، مامۆستا، مرۆڤ، کۆتر)

تێبینی/ دەتوانرێت، ناوی دوو لایەن بە زیادکردنی یەك ووشە لە پاش یان پێشییەوە، بکرێت بە ڕەگەزی نێر یان مێ:

| ژ | ناوی دوولایەن | وشە | ناوی | |
|---|---|---|---|---|
| | | | نێر | مێ |
| 1 | گەل | کوڕ، مێ | کوڕ گەل | مێ گەل |
| 2 | کەو | نێر، ما | نێرە کەو | ماکەو |
| 3 | سەگ | دێل، گۆڵ | گۆڵە سەگ | دێڵە سەگ |
| 4 | دێو | ـــ، دەڵ | ـــــــــ | دەڵە دێو |

**ڕاهێنانی یەکەم، لاپەڕەی 9، لەم ناوانە ناوی نێر و مێ لێکجیابکەرەوە، بەرامبەریەکیان دابنێ:**

| ژ | ناوی نێر | ناوی مێ |
|---|---|---|
| 1 | ئەسپ |ماین |
| 2 | کەڵەشێر | مریشك |
| 3 | نێری | بزن |
| 4 | برا | خوشك |
| 5 | گا | چێل (مانگا) |
| 6 | ئێکانە (بەراز) | ماڵۆس |

هەوڵنامەی کتێب

**ڕاهێنانی دووەم، لاپەڕەی 9، وەڵامی ڕاست هەڵبژێرە:**

| ژ | ناو | هەڵبژاردن | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| 1 | کەو | نێرە، | مێیە، | دوولایەنە، | بێلایەنە |
| 2 | سەگ | نێرە، | مێیە، | دوولایەنە، | بێلایەنە |
| 3 | هرچ (ورچ) | نێرە، | مێیە، | دوولایەنە، | بێلایەنە |
| 4 | ڕویقی (ڕێوی) | نێرە، | مێیە، | دوولایەنە، | بێلایەنە |
| 5 | گەماڵ | نێرە، | مێیە، | دوولایەنە، | بێلایەنە |
| 6 | هەنگ | نێرە، | مێیە، | دوولایەنە، | بێلایەنە |
| 7 | مانگا | نێرە، | مێیە، | دوولایەنە، | بێلایەنە |
| 8 | ئاسك | نێرە، | مێیە، | دوولایەنە، | بێلایەنە |
| 9 | شاخ | نێرە، | مێیە، | دوولایەنە، | بێلایەنە |
| 10 | کاوڕ | نێرە، | مێیە، | دوولایەنە، | بێلایەنە |
| 11 | یەکانە | نێرە، | مێیە، | دوولایەنە، | بێلایەنە |
| 12 | بەرد | نێرە، | مێیە، | دوولایەنە، | بێلایەنە |

**تێبینی: (ئاسکۆڵ) بەچکەی ئاسك.**

# نیشانە تایبەتییەکانی نێر و مێ

| ژ | نموونە |
|---|---|
| 1 | بابێ ئازادی ئەندازیارە. |
| 2 | خوشکـا سەرداری چوو خوێندگەهێ. |
| 3 | خانییێ من گەلەك مەزن و تازەیە. |
| 4 | زەڤیيا بەرمالا بەراڤە. |
| 5 | دۆستێ تە هات ژ دهۆکێ. |
| 6 | دۆستا من گەلەك رند و جوانە. |
| 7 | کوڕۆ، بخوێنن دا سەرکەڤن. |
| 8 | شرینێ، چیلێ بدۆشە. |
| 9 | A-کورە، ئەم کارە مەکە. B- کچێ، وانەکانت چاك بخوێنە. |
| 10 | کورینە (کچینە) ئەم کارە مەکەن. |
| 11 | A- ڤێ قەلەمی بۆ من بکڕە. B-ڤێ دەفتەرێ بۆ من بهێنە. C- وی کوڕی کەوەك گرت. D- وێ کچێ کراسەك دووری. |
| 12 | A- سەرداری شیڤ خار. B-نازدارێ تەشی ڕێست. |

نیشانە تایبەتییەکانی نێر و مێ، لە شێوەزاری کرمانجی ژووروودا:

**یەکەم/ دۆخی (درانە پاڵ) یان (خستنەسەر):**

**A – ناو (دیارخراو) + ئامرازی خستنەسەر نێر (ی، یێ ) + ناو یان جێناو (دیارخەر) = گرێی ناوی**

| ژ | ناو (دیارخراو) | ئامرازی خستنەسەر نێر (ی، یێ) | ناو یان جێناو (دیارخەر) | گرێی ناو | ڕستە |
|---|---|---|---|---|---|
| 1 | هەڤاڵ | ێ | تە | هەڤالێ تە | هەڤاڵێ تە سەربەرزە. |
| 2 | برا | یێ | من | برایێ من | برایێ من مامۆستایە. |

**B– ناو (دیارخراو) + خستنەسەر مێ (ا، یا ) + ناو یان جێناو (دیارخەر) = گرێی ناو**

| ژ | ناو (دیارخراو) | ئامرازی خستنەسەر مێ (ا، یا) | ناو یان جێناو (دیارخەر) | گرێی ناو | ڕستە |
|---|---|---|---|---|---|
| 1 | کچ | ا | سەربەست | کچا سەربەست | کچا سەربەست هشیارە. |
| 2 | زەڤی | یا | بەرمالا | زەڤییا بەرمالا | زەڤییا بەرمالا خوەشە. |

تێبینی/ پیتی نەبزوێنی (ی)، کە دەکەوێتە پێش (ا، ی)ەوە، دەبێتە (ناوبەند)، چونکە دوو پیتی بزوێنی لەیەك جیاکردۆتەوە.

هەواڵنامەی کتێب

**دووەم/ دۆخی بـانگکردن:**

**لە شێوەزاری کرمانجی ژووروودا:**

**A– ئامرازی بانگکردن بۆ تاکی نێر (ۆ):**

| ژ | ناو | (ۆ) ئامرازی بانگکردن بۆ نێر | ڕستە |
|---|---|---|---|
| 1 | کوڕ | ۆ | کوڕۆ ڕابە. |

**B– ئامرازی بانگکردن بۆ تاکی مێ (ێ):**

| ژ | ناو | (ێ) ئامرازی بانگکردن بۆ مێ | ڕستە |
|---|---|---|---|
| 1 | کچ | ێ | کچێ بخوێنن. |

**لە شێوەزاری کرمانجی خواروودا:**

**A– ئامرازی بانگکردن بۆ تاکی نێر (ە):**

| ژ | ناو | (ە) ئامرازی بانگکردن بۆ نێر | ڕستە |
|---|---|---|---|
| 1 | کوڕ | ە | کوڕە، وەرە بۆ ئێرە. |

**B– ئامرازی بانگکردن بۆ تاکی مێ (ێ):**

| ژ | ناو | (ێ) ئامرازی بانگکردن بۆ مێ | ڕستە |
|---|---|---|---|
| 1 | کچ | ێ | کچێ هەوڵبدە بۆ ئەوەی بگەتە ئامانج. |

**C– ئامرازی بانگکردن بۆ نێر و مێی کۆ (ە):**

| ژ | ناوی کۆ | ئامرازی کۆ | (ە) ئامرازی بانگکردن | ڕستە |
|---|---|---|---|---|
| 1 | کوڕین | ین | ە | کوڕینە تێبکۆشن. |
| 2 | کچین | ین | ە | کچینە تێبکۆشن. |

تێبینی/ لە شێوەزاری کرمانجی خوارووداا، ناوی بانگکراو، ئەگەر (کۆ) بێت، (ان)ی کۆ، دەبێت بە (ین).

**سێیەم/ هاوەڵناوی نیشانە لە شێوەزاری کرمانجی ژووروودا:**

**هاوەڵناوی نیشانە بۆ نێر و مێی تـاك، نزیك و دوور:**

| ژ | هاوەڵناوی نیشانە بۆ تاك | جۆر | ڕستە |
|---|---|---|---|
| 1 | ڤی ..................... ی | تاکی نزیك نێر | ڤی قەلەمی بۆ من بکرە. |
| 2 | ڤێ ..................... ێ | تاکی نزیك مێ | ڤێ دەفتەرێ بۆ من بهێنە. |
| 3 | وی ..................... ی | تاکی دوور نێر | وی کوڕی کەوەك گرت. |
| 4 | وێ ..................... ێ | تاکی دوور مێ | وێ کچێ کراسەك دووری. |

هەوالنامەی کیتیب

**هاوەڵناوی نیشانە بۆ نێر و مێی کۆ، نزیك و دوور:**

| ژ | هاوەڵناوی نیشانە بۆ نێر و مێی کۆ | جۆر | ڕستە |
|---|---|---|---|
| 1 | ئەڤان ....... ان | بۆ نێر و مێی کۆ نزیك | ڤان گۆڤەندەکان خۆش گرێدا. |
| 2 | وان .......... ان | بۆ نێر و مێی کۆ دوور | وان گۆڤەندەکان خۆش گرێدا. |

**چوارەم/ نیشانەی ڕەگەز (ی، ێ):**

| ژ | ناو | نیشانەی (ی، ێ) نیشانەی تایبەتی نێر و مێ | ڕستە (کاری ڕابردووی تێپەڕ |
|---|---|---|---|
| 1 | لەزگین | (ی) بۆ نێر | لەزگینی دەرس نڤیسی. |
| 2 | شیرین | (ێ) بۆ مێ | شیرینێ پەز دۆشی. |

تێبینی/ نیشانەی (ی، ێ) بە دوای ناوی تایبەتی (ناوی مرۆڤ)ەوە دەلکێ، لەگەڵ کاری ڕابردووی تێپەڕدا بەکاردێت.

هەولانامەی کتێب

**ڕاهێنانی یەکەم، لاپەڕی 15، ئەم ناوانە لە دۆخی درانە پاڵدا، لە ڕستەدا بەکاربهێنە، پاشان ڕەگەزەکانیان بنووسە:**

| ژ | ووشە | ڕستە | ڕەگەز |
|---|---|---|---|
| 1 | ئاڤ | ئاڤا ڕووبارا سازگارە. | مێ |
| 2 | ڕەز | ڕەزەڤانی ڕەزێ ئاڤدا. | نێر |
| 3 | چاڤ | چاڤا ڕەش جوانە. | مێ |
| 4 | ڕووبار | ئاڤا ڕووبارا سیروانی کەم کر. | نێر |
| 5 | ماڵ | مالا مە ژ سلێمانیێ یە | مێ |

**ڕاهێنانی دووەم، لاپەڕەی 15، ئەم ناوانە لە دۆخی بانگکردندا لە ڕستەدا بەکاربهێنە:**

| ژ | ووشە | ڕستە لە دۆخی بانگکردن |
|---|---|---|
| 1 | لاوان | لاوینە، بە هەوڵدان سەردەکەون. |
| 2 | ژن | ژنێ، کار بکە. |
| 3 | کیژ | کیژێ، وانەکە لەبەربکە. |
| 4 | قوتابیان | قوتابینە، بخوێنن. |
| 5 | خاڵ | خالە، وەرە. |

**ڕاهێنانی سێیەم، لاپەڕەی 15، وەڵامی ئەم پرسیارانە بدەرەوە:**

یەکەم/ لە دۆخی درانەپاڵدا ناوی ڕەگەزی مێ چ نیشانەیەك وەردەگرێ؟ وەڵام: نیشانەی (ا، یا) وەردەگرێ.

دووەم/ لە دۆخی درانەپاڵدا ناوی ڕەگەزی نێر چ نیشانەیەك وەردەگرێ؟ وەڵام: نێر: نیشانەی (ێ، یێ) وەردەگرێ.

سێیەم/ لە دۆخی بانگکردندا، ئەگەر ناوەکە تاکی نێر بوو، لە زاری کرمانجی ژووروودا، کام نیشانە وەردەگرێ، لە کرمانجی خوارووداکامەیە؟ وەڵام: لە کرمانجی ژووروودا (ۆ)، لە کرمانجی خواروودا (ە) وەردەگرێ.

چوارەم/ جێناوی نیشانەی (ڤان، وان) بۆچی بەکاردێت؟وەڵام: (ڤان) بۆ نێر و مێی کۆی نزیك، (وان) بۆ نێر و مێی کۆی دوور بەکاردێت

**ڕاهێنانی چوارەم، لاپەڕەی 15، (هاوەڵناوی نیشانە)ی تاکی نزیك و دوور، بدە پاڵ ئەو ناوانە، پاشان لە ڕستەدا بەکاریان بهێنە، ئینجا ڕەگەزی ناوەکان بنووسە:**

| ژ | ووشە | ڕستە (هاوەڵناوی نیشانە تاکی نزیك) | ڕستە (هاوەڵناوی نیشانە تاکی دوور) | ڕەگەز |
|---|---|---|---|---|
| 1 | دەرگە | ڤی دیواری بۆیاخ کر. | وی دیواری بۆ یاخ کر. | بێلایەن |
| 2 | کچ | ڤێ کچێ نان خار. | وێ کچێ نان خار. | مێ |
| 3 | جامێر | ڤی جامێری هات. | وی جامێری هات. | نێر |
| 4 | ماهین | ڤێ ماهینێ دحیلێنێ. | وێ ماهینێ دحیلێنێ. | مێ |
| 5 | گوند | ڤی گوندی خۆشە. | وی گوندی خۆشە. | بێلایەن |

**ڕاهێنانی پێنجەم، لاپەڕەی 16:**

یەکەم/ لە دانە پاڵدا نیشانەی نێر و مێ چییە؟ نموونە:

وەڵام: نیشانەی نێر (ێ، یێ): هەڤاڵێ تە سەربەرزە. برایێ من مامۆستایە.

نیشانەی مێ (ا، یا): کچا سەربەست هشیارە. زەڤییا بەرمالا خوەشە.

دووەم/ ئەگەر ناوەکە تایبەت بێت، نیشانەی نێر و مێ کامانەن؟ وەڵام: نێر: ئارامی نان خار. مێ: نازدای چیرۆك نڤیسی.

سێیەم/ هاوەڵناوی نیشانە بۆ تاکی مێی نزیك چییە؟ نموونە وەڵام: ڤێ کچێ زیرەکە.

چوارەم/ هاوەڵناوی نیشانە بۆ تاکی نێری دوور چییە؟ نموونە وەڵام: وی کوری وانە نڤیسی.

**ڕاهێنانی شەشەم، لاپەڕەی 16، ئەم ڕستانە شلۆڤە بکە:**

**یەکەم/ ڤێ کچێ نان خار.**

ڤێ ...ێ: هاوەڵناوی نیشانەیە، بۆ تاکی مێی نزیك، دیارخەری ناوە.

کچ: ناوە، تاکە، گشتییە، ناسراوە، دیارخراوە

ڤێ کچێ: گرێی ناوییە، بکەرە.

نان: ناوە، تاکە، بەرکارە.

خار: کاری ڕابردووی نزیك، سادە، تێپەڕ.

**دووەم/ کچینە وانەکە بخوێنن.**

کچینە: ناوی بانگکراوە، کۆیە، گشتییە، بکەرە.

ە: ئامرازی بانگکردن، بۆ ناوی کۆی مێ.

وانەکە: ناوە، تاکە، ناسراوە، بەرکارە.

بخوێنن: کاری داخوازی تێپەڕ.

ن: جێناوی لکاو بۆ کەسی دووەمی کۆ، دەگەڕێتەوە بۆ بکەر.

هەوالنامەی کتێب

# ناوی ناسراو و ناوی نەناسراو

**یەکەم/ ناوی نەناسراو:** نیشانەی نەناسراوی لە زمانی کوردیدا، جگە لە نیشانە نەی نەناسراوی تاکێتیش پیشاندەدات.

نیشانەکانی نەناسراوی: (( ێك، ەك، ێ )). گەر بچنە سەر ناو دەیکەن بە نەناسراو.

| ژ | ڕستە |
|---|---|
| 1 | کچێك دەرگای ماڵی ئێمەی کردەوە و هاتە ژوورەوە. کچەکێ دەرگەهێ مالا مە فەکر و هات ژوورڤە. |
| 2 | کە چاوم پێێ کەوت تووشی دەریایـێك (دەریایەك، دەریایێ) خەفەت و پەژارە بووم. |
| 3 | چووینە دێییێك (دێیەك، دێیێ) لە بناری چیای قەندیل. |
| 4 | کانییێکی (کانیەکی، کانیێ) خۆش لە گوندەکەمان هەیە. |
| 5 | هەڵۆییێك (هەڵۆیەك، هەڵۆێ) لە ئاسماندا نێچیرێکی گرتبوو. |
| 6 | پەنجەرەییێك (پەنجەرەیەك، پەنجەرەیێ) لە ژووری سەرەوە شکابوو. |
| 7 | داربەڕوووێك (داربەڕووەك، داربەڕووێ) لەو دارستانە ووشك بوو. |
| 8 | ڕۆژانێك (ڕۆژانەك، ڕۆژانێ) مرۆڤ لە ئەشکەوتان دەژیا. |

**لە زمانی کوردیدا، ناو بەم شێوەیەی خوارەوە دەکرێت بە نەناسراو:**

**A-ناوێك کۆتایی بە پیتی نەبزوێن هاتبێت + نیشانەی نەناسراوی ( ێك، ەك، ێ ) = ناوی نەناسراو**

| ژ | ناو (دوا پیتی نەبزوێن) بێت. | نیشانەی نەناسراوی | ناوی نەناسراو |
|---|---|---|---|
| 1 | پیاو | ێك، ەك، ێ | پیاوێك، پیاوەك، پیاوێ |
| 2 | دار | ێك، ەك، ێ | دارێك، دارەك، دارێ |

**B- ناوێك کۆتایی بە پیتی بزوێنی (ا، ێ، ی، ۆ، ە ) هاتبێت ( ی ) ناوبەند + نیشانەی نەناسراوی (ێك، ەك، ێ ) = ناوی نەناسراو**

| ژ | ناو (دوا پیتی بزوێن) بێت. | ناوبەند | نیشانەی نەناسراوی | ناوی نەناسراو |
|---|---|---|---|---|
| 1 | چیا | ی | ێك، ەك، ێ | چیایێك، چیایەك، چیایێ |
| 2 | زێ | ی | ێك، ەك، ێ | زێییێك، زێیەك، زێیێ |
| 3 | ماسی | ی | ێك، ەك، ێ | ماسییێك، ماسییەك، ماسیێ |
| 4 | پەڕۆ | ی | ێك، ەك، ێ | پەڕۆییێك، پەڕۆیەك، پەڕۆیێ |
| 5 | پەڕە | ی | ێك، ەك، ێ | پەڕەییێك، پەڕەیەك، پەڕەیێ |

**C- ناوێك کۆتایی بە پیتی بزوێنی (وو) هاتبێت + (و) ناوبەند + نیشانەی نەناسراوی (ێك،ەك،ێ) = ناوی نەناسراو**

| ژ | ناو دوا پیتی بزوێنی (وو) بێت | ناوبەند | نیشانەی نەناسراوی | ناوی نەناسراو |
|---|---|---|---|---|
| 1 | بەڕوو | و | ێك، ەك، ێ | بەڕووێك، بەڕووەك، بەڕووێ |
| 2 | کەیبانوو | و | ێك، ەك، ێ | کەیبانووێك، کەیبانووەك، کەیبانووێ |

تێبینی: ناوێك کۆتایی بە پیتی بزوێنی (وو) هاتبێت، نیشانەی نەناسراوی وەردەگرێ، پیتێکی (و)ی بزوێن لادەبرێت.

D- **ناوی نەناسراو نیشانەی ( ان )ی کۆ وەردەگرێت، دەکەوێتە نێوان ناوەکەو و نیشانە نەناسراوییەکەوە.**

| ژ | ناو | نیشانەی کۆ | نیشانەی نەناسراوی | ناوی نەناسراو |
|---|---|---|---|---|
| 1 | کەس | ان | ێك، ەك، ێ | کەسانێك، کەسانەك، کەسانێ |
| 2 | پیاو | ان | ێك، ەك، ێ | پیاوانێك، پیاوانەك، پیاوانێ |

**دووەم/ ناوی ناسراو:** ناوێکە مانا و مەبەستی شتێك دەردەخات، بە ناسراوی دەیخاتەڕوو، بە ئاسانی لە هاوچەشنەکان جیادەکرێتەوە، چونکە ناوێکی دیاریکراوی زانراو دەردەخات، نیشانەی ناسراوی (ەکە)یە.

**لە زمانی کوردیدا، ناو بەم شێوەیەی خوارەوە دەکرێت بە ناسراو:**

A-**ناوێك دوا پیتی نەبزوێن بێت + نیشانەی ناسراوی ( ەکە ) = ناوی ناسراو**

| ژ | ناوێك دواپیتی بزوێن بێت | نیشانەی ناسراوی | ناوی ناسراو |
|---|---|---|---|
| 1 | کوڕ | ەکە | کوڕەکە |
| 2 | شاخ | ەکە | شاخەکە |

B- **ناوێك یەك بڕگە بێت و کۆتایی بە پیتی بزوێنی ( ا، ۆ، ێ، ە ) هاتبێت + ناوبەند ( ی ) + نیشانەی ناسراوی ( ەکە ) = ناوی ناسراو**

| ژ | ناوێکی یەك بڕگە، دواپیتی بزوێن بێت | ناوبەند | نیشانەی ناسراوی | ناوی ناسراو |
|---|---|---|---|---|
| 1 | گا | ی | ەکە | گایەکە |
| 2 | دۆ | ی | ەکە | دۆیەکە |
| 3 | دێ | ی | ەکە | دێیەکە |
| 4 | شە | ی | ەکە | شەیەکە |

C- **ناوێك یەك بڕگە زیاتر بێت و کۆتایی بە پیتی بزوێنی ( ا، ۆ، ێ، ە ) هتبێت + نیشانەی ناسراوی ( ەکە ) = ناوی ناسراو**

| ژ | ناوێکی یەك بڕگە زیاتر بێت، دواپیتی بزوێن بێت | نیشانەی ناسراوی | ناوی ناسراو |
|---|---|---|---|
| 1 | دەرگا | ەکە | دەرگاکە |
| 2 | هەڵۆ | ەکە | هەڵۆکە |
| 3 | هەرمێ | ەکە | هەرمێکە |
| 4 | پەنجەرە | ەکە | پەنجەرەکە |

تێبینی/ پیتی بزوێنی کورت (ە)ی نیشانەی (ەکە) تیادەچێت و نانووسرێت.

کتێب هەواڵنامەی

D- ناوێك كۆتایی بە پیتی بزوێنی (ی) هاتبێت + ناوبەند (ی) + نیشانەی ناسراوی (ەکە) = ناوی ناسراو

| ژ | ناوێك كۆتایی بە پیتی بزوێنی (ی) هاتبێت | ناوبەند | نیشانەی ناسراوی | ناوی ناسراو |
|---|---|---|---|---|
| 1 | ماسی | ی | ەکە | ماسییەکە |
| 2 | کانی | ی | ەکە | کانییەکە |

E- ناوێك كۆتایی بە پیتی بزوێنی (وو) هاتبێت + ناوبەند (و) + نیشانە ناسراوی (ەکە) = ناوی ناسراو

| ژ | ناوێك كۆتایی بە پیتی بزوێنی (وو) هاتبێت | ناوبەند | نیشانە ناسراوی | ناوی ناسراو |
|---|---|---|---|---|
| 1 | بەڕوو | و | ەکە | بەڕووەکە |
| 2 | بازوو | و | ەکە | بازووەکە |

تێبینی/ ئەگەر ناوێك كۆتایی بە پیتی بزوێنی (وو) هاتبێت، پیتێکی بزوێنی (و) تیادەچێت و ناونووسرێت.

F- زۆر جار نیشانەی (ەکە) کورت دەبێتەوە بۆ (ە):

| ژ | ناو | نیشانەی ناسراوی | ناوی ناسراو |
|---|---|---|---|
| 1 | کچ | ەکە | کچە هات. واتە: کچەکە هات. مارەکە بۆی دەرچوو. مارە بۆی دەرچوو. |

**چەند سەرنج و تێبینییەك:**

**یەکەم/ ناوی ناسراو بەم جۆرە کۆدەکرێتەوە: ناو+نیشانەی ناسراوی (ەکە)+نیشانەی کۆ (ان) =ناوی ناسراوی کۆ**

**نموونە: کتێبەکان گرنگن.**

**دووەم/ ئەگەر هاوەڵناوێك بە دوای ناوێکدا بێت، نیشانەی ناسراوی (ەکە)، دەچێتە سەر هاوەڵناوەکە، ناوەکە دەبێتە ناسراو:**

**نموونە: هەنارە شیرینەکەم کڕی.**

**سێیەم/ هەموو ناوێکی تایبەتی ناوی ناسراوە، لەبەر ئەوەی نیشانەی (ەکە)ی ناسراوی وەرناگرێت.**

**نموونە: باران، ئازاد، گۆنا، تارا....**

**چوارەم/ ئەگەر ناو لەگەڵ هاوەڵناوی نیشانەدا هات، ناوەکە دەبێتە ناوی ناسراو:**

| ژ | هاوەڵناوی نیشانە | ناو | ناوی ناسراو |
|---|---|---|---|
| 1 | ئەم .... ە (بۆ نزیك) | کراس | ئەم کراسە جوانە. |
| 2 | ئەو .... ە (بۆ دوور) | گوند | ئەو گوندە ئاوەدانە. |
| 3 | ئەڤ .... ە | ڕووبار | ئەڤ ڕووبارە درێژە. |
| 4 | وی.... ی | کور | وی کوری دەرس خاندییە. |
| 5 | وێ.... ێ | کچ | وێ کچێ دەرس خاندییە. |
| 6 | ڤی ..... ی | زەلام | ڤی زەلامی کارێ خۆ کرییە. |
| 7 | ڤێ ..... ێ | ژن | ڤێ ژنێ تەشی ڕێسییە. |

کتێبی هەواڵنامە

**ڕاهێنانی یەکەم، لاپەڕەی 25، لەم ڕستانەدا ناوە نەناسراوەکان بگۆڕە بۆ ناوی ناسراو:**

| ژ | ڕستە (ناوی نەناسراو) | ڕستە (ناوی ناسراو) |
|---|---|---|
| 1 | ئازاد دەرگایەکی کردەوە. | ئازاد دەرگاکەی کردەوە. |
| 2 | کتێبێك بکڕە. | کتێبەکە بکڕە. |
| 3 | دوێنێ مامۆستایێك چیرۆکێکی بۆ قوتابیان خوێندەوە. | دوێنێ مامۆستاکە چیرۆکەکەی بۆ قوتابیان خوێندەوە. |
| 4 | پەریزاد سێوێکی خوارد. | پەریزاد سێوەکەی خوارد. |
| 5 | نەوزاد وانە دەخوێنێت. | نەوزاد وانەکە دەخوێنێت. |
| 6 | کوڕێکم دیت. | کوڕەکەم دیت. |
| 7 | قەلێك سەلکە پەنیرێکی بە دەنووك هەلگرتبوو. | قەلەکە سەلکە پەنیرەکەی بە دەنووك هەلگرتبوو. |
| 8 | پار کچێك بەیەکەم دەرچوو. | پار کچەکە بەیەکەم دەرچوو. |

**ڕاهێنانی دووەم، لاپەڕەی 26، لەم ڕستانەدا، ناوەکان لە تاکی نەناسراوەوە، بکەر بە کۆی ناسراو، هەر گۆڕانکارییەکی دی بەسەر ڕستەکەدا دێت ئەنجامی بدە:**

| ژ | ڕستە (تاکی نەناسراو) | ڕستە (کۆی ناسراو) |
|---|---|---|
| 1 | کراسێکی جوانم کڕی. | کراسە جوانەکانم کڕی. |
| 2 | برادەرێکم هات و سەری لێدام. | برادەرەکانم هاتن و سەریان لێدام. |
| 3 | دێییێك ئاوەدان دەکەنەوە. | دێیەکان ئاوەدان دەکەنەوە. |
| 4 | کابرایەك ڕەزێکی کێلا. | کابراکان ڕەزەکانیان کێلا. |
| 5 | ڕاوکەرێك کەوێکی گرت. | ڕاوکەرەکان کەوەکانیان گرت. |

**ڕاهێنانی سێیەم، لاپەڕەی 26، وەلامی ڕاست هەڵبژێرە:**

| ژ | ووشە | هەڵبژاردن |
|---|---|---|
| 1 | ڕاستەیەك | تاکی ناسراو، کۆی ناسراو، تاکی نەناسراو |
| 2 | کورە | تاکی نەناسراو، تاکی ناسراو، کۆی نەناسراو |
| 3 | ڕووبارەکان | کۆی نەناسراو، کۆی ناسراو، تاکی ناسراو |
| 4 | هەڵبجە | تاکی ناسراو، تاکی نەناسراو، کۆی ناسراو |
| 5 | لادێکە | تاکی ناسراو، کۆی ناسراو، تاکی نەناسراو |
| 6 | لاوانێك | تاکی نەناسراو، کۆی نەناسراو، کۆی ناسراو |
| 7 | پەنجەرەیەك | کۆی نەناسراو، تاکی ناسراو، تاکی نەناسراو |

هەواڵنامەی کتێب

**ڕاهێنانی چوارەم، لاپەڕەی 27، لەم ڕستانەدا، هەرناوێکی ناسراو هەیە، بیکە بە نەناسراو و ڕستەکان بنووسەرەوە:**

| ژ | ڕستە (ناوی ناسراو) | ڕستە (ناوی نەناسراو) |
|---|---|---|
| 1 | جانتاکەم دۆزییەوە. | جانتاێیکم دۆزییەوە. |
| 2 | پەپولەکە لەسەر گوڵەکە نیشتەوە. | پەپولەیەك لەسەر گوڵێك نیشتەوە. |
| 3 | چاوم بە پیاوەکە کەوت. | چاوم بە پیاوێك کەوت. |
| 4 | ڕێیەکەمان قیرتاوکرد | ڕێیکمان قیرتاو کرد. |
| 5 | دارستانەکە سووتا. | دارستانێك سووتا. |

**ڕاهێنانی پێنجەم، لاپەڕەی 27، ئەم ناوانە وەك سەرەوە بنووسەرەوە:**

| ژ | ناو | چێلێك (تاکی نەناسراو) | چێلەکە (تاکی ناسراو) | چێلەکان (کۆی ناسراو) |
|---|---|---|---|---|
| 1 | چرا | چراییێك | چراکە | چراکان |
| 2 | مانگ | مانگێك | مانگەکە | مانگەکان |
| 3 | ماسی | ماسییێك | ماسییەکە | ماسییەکان |
| 4 | زانکۆ | زانکۆییێك | زانکۆیەکە | زانکۆیەکان |
| 5 | ئاگر | ئاگرێك | ئاگرەکە | ئاگرەکان |
| 6 | شەپۆل | شەپۆلێك | شەپۆلەکە | شەپۆلەکان |

کتێبی هەولێر

**ڕاهێنانی شەشەم، لاپەڕەی 27، ئەم ڕستانە شلۆڤە بکە:**

**یەکەم/ بیریڤانەکە مەڕەکانی دۆشی.**

بیریڤانەکە: ناوە، تاکە، ناسراوە، بکەرە.

مەڕەکان: ناوە، کۆیە، ناسراوە، بەرکارە.

ی: جێناوە لکاو بۆ کەسی سێیەمی تاك، دەگەڕێتەوە بۆ بکەر.

دۆشی: کاری ڕابردووی نزیکی ڕاگەیاندن، سادە، تێپەڕ.

**دووەم/ فڕۆکەکە دەنیشێتەوە.**

فڕۆکەکە: ناوە، تاکە، ناسراوە، بکەرە.

دەنیشێتەوە: کاری ڕانەبردوو، تێنەپەڕ، داڕێژراو.

ێت/ جێناوی لکاو بۆ کەسی سێیەمی تاك، دەگەڕێتەوە بۆ بکەر.

# ناوی تاك و ناوی كۆ

| ژ | ناوی تاك | ناوی كۆ |
|---|---|---|
| 1 | ژن | ژنان |
| 2 | كوڕ | كوڕان |
| 3 | دەرگا | دەرگایان |
| 4 | پەنجەرە | پەنجەرەیان |
| 5 | دێ | دێیان |

**ناوی تاك:** ئەو ناوەیە كە تەنیا كەسێك یان شتێك پشان دەدات، نیشانەی تایبەتی پێوەنییە.

نموونە: (كوڕ، كچ، قوتابخانە، جوتیار، هەرمێ، قەیسی، دارستان، ماسی، ڕووبار، دەریا، كێرد، چەقۆ، دار...)

**ناوی كۆ:** ئەو ناوەیە كە كەسێك یان شتێك پیشاندەدات، نیشانەی سەرەكی كۆكردنەوە (ان)ە، دەچێتە دوای ناوەكە. لە زمانی كوردیدا بەم جۆرە درووستدەبن:

**یەكەم/ ئەگەر ناوێك بە پیتی نەبزوێن كۆتایی هات + ئامرازی كۆ (ان) = ناوی كۆ**

| ژ | ناوێك بە پیتی نەبزوێن كۆتایی بێت | ئامرازی كۆ | ناوی كۆ |
|---|---|---|---|
| 1 | خوێندكار | ان | خوێندكاران |
| 2 | كوڕ | ان | كوڕان |

**دووەم/ ئەگەر ناوێك بە پیتی بزوێنی (ا، ۆ، ێ، ی) كۆتای هات + ناوبەندی نەبزوێن (ی) + ئامرازی كۆ (ان) = ناوی كۆ**

| ژ | ناوێك بە پیتی بزوێنی (ا، ۆ، ێ، ی) كۆتای بێت | ناوبەند | ئامرازی كۆ | ناوی كۆ |
|---|---|---|---|---|
| 1 | دەرگا | ی | ان | دەرگایان |
| 2 | چەقۆ | ی | ان | چەقۆیان |
| 3 | دێ | ی | ان | دێیان |
| 4 | ماسی | ی | ان | ماسییان |

**سێیەم/ ئەگەر ناوێك كۆتایی بە پیتی بزوێنی (وو) هات + ناوبەندی نەبزوێنی (و) + ئامرازی كۆ (ان) = ناوی كۆ**

| ژ | ناوێك كۆتایی بە پیتی بزوێنی (وو) هات | ناوبەند | ئامرازی كۆ | ناوی كۆ |
|---|---|---|---|---|
| 1 | كەیبانوو | و | ان | كەیبانووان |
| 2 | بەروو | و | ان | بەرووان |

تێبینی: ئەو ناوەی بە پیتی بزوێنی (وو) كۆتایی هات، پیتێكی (و)ی بزوێنەكە لادەبەین، پیتێكی (و)ی نەبزوێنی بۆ زیاددەكرێت.

**چوارەم/ ئەگەر ناوێك بە پیتی بزوێن (ە) کۆتایی بێت:**

**A-ئەگەر ناوێك یەك بڕگە زیاتر بوو، کۆتایی بە پیتی بزوێنی (ە) کورت هات + ئامرازی کۆ (ان) = ناوی کۆ**

| ژ | ناوێك یەك بڕگە زیاتر بوو. | ئامرازی کۆ | ناوی کۆ |
|---|---|---|---|
| 1 | پەنجەرە | ان | پەنجەران |
| 2 | قوتابخانە | ان | قوتابخانان |

تێبینی: پیتی بزوێنی (ە)ی کۆتایی ووشەکە لادەچێت، چونکە دوو پیتی بزوێن بە دوای یەکدا نایەت.

**B - ئەگەر ناوێك یەك بڕگە بوو، کۆتایی بە پیتی بزوێنی (ە) کورت هات + ناویەندی (ی) + ئامرازی کۆ (ان) = ناوی کۆ**

| ژ | ناوێك یەك بڕگە بوو. | ناوبەند | ئامرازی کۆ | ناوی کۆ |
|---|---|---|---|---|
| 1 | بەرە | ی | ان | بەرەیان |
| 2 | شە | ی | ان | شەیان |

**پێنجەم/ لە زمانی کوردیدا، لە شێوەزاری کرمانجی خوارووا، جگە لە (ان) هەندێك نیشانەی ترمان هەیە، ناوی تاك دەکەن بە کۆ:**

| ژ | ناو | نیشانە | ناوی کۆ |
|---|---|---|---|
| 1 | باخ | ات | باخات |
| 2 | دێ | هات | دێهات |
| 3 | میوە | جات | میوەجات |
| 4 | جار | ها | جارەها |
| 5 | ئاغا | وات | ئاغاوات |
| 6 | کچ | گەل | کچ گەل |

**شەشەم/ لە شێوەزاری کرمانجی ژووروودا، لە دۆخی درانە پاڵ (خستەسەر)دا، هەندێ ئامرازمان هەیە بۆ کۆ:**

| ژ | ناو | دۆخی درانەپاڵ (خستەسەر) | ناوی کۆ |
|---|---|---|---|
| 1 | دار | ێن | دارێن |
| 2 | ماسی | ێت | ماسیێت |
| 3 | باژێڕ | ێد | باژێڕێد |

**ڕاهێنانی یەکەم، لاپەڕەی 34، ئەم ڕستانە لە تاکەوە بگۆڕە بە کۆ:**

| ژ | ڕستە (ناوی تاك) | ڕستە (ناوی کۆ) |
|---|---|---|
| 1 | ئەو کەوە باش دەخوێنێت. | ئەو کەوانە باش دەخوێنن. |
| 2 | تە برایێ من ل باژێڕێ ئامێدێ دیت. | وە برایێن مە ل باژێڕێد ئامێدێ دیتن. |
| 3 | ددانت جوان بشۆ. | ددانەکانتان جوان بشۆن. |
| 4 | دارڤانی دار بڕی. | دارەڤانان داران بڕن. |
| 5 | بە هاوین قوتابێ نا چێتە قوتابخانە. | بە هاوینان قوتابیان ناچنە قوتابخانە. |

**ڕاهێنانی دووەم، لاپەڕەی 34، ئەم ناوە تاکانە بگۆڕە بو کۆ:**

| ژ | ناوی تاك | ناوی کۆ |
|---|---|---|
| 1 | هرچ ، دەرزی | هرچان، دەرزییان |
| 2 | دۆتمام، پەڕۆ | دۆتمامێن، پەڕۆیان |
| 3 | کەوا، باخ | کەوایان، باخان، باخات |
| 4 | چاڤ، چرۆ، دێ | چاڤێن، چرۆیان، دێیان |

**ڕاهێنانی سێیەم، لاپەڕەی 34، ئەم ڕستانە بخوێنەرەوە، پاشان لە هەر ڕستەیەك ناوی (کۆ) دەربهێنە و بەرامبەری (تاك)ەکەی بنووسە:**

| ژ | ڕستە | ناوی کۆ | ناوی تاك |
|---|---|---|---|
| 1 | کوڕێت گوندان چەلەنگن. | کوڕێت، گوندان | کوڕ، گوند |
| 2 | ل شوێنا شێرا، ڕۆڤی لێ دکەن گێران. | شێران | شێر |
| 3 | میوەجات لە هاویناندا زۆرن. | میوەجات | میوە |
| 4 | داوەتا میرا، گڕ لە فەقیرا. | میرا | میر |
| 5 | تێرم خواردووە لە کاکلان، نۆرەی توێکلانە. | کاکلان، توێکلان | کاکڵە، توێکڵ |

**ڕاهێنانی چوارەم، لاپەڕەی 35، ڕاست و چەوتی ئەمانە دیاری بکە و چەوتەکان ڕاستبکەرەوە:**

یەکەم/ لە زمانی کوردیدا یەك نیشانەی کۆ مان هەیە؟ وەڵام: چەوتە، لە شێوەزاری کرمانجی خوارووددا (هات، جات، وات، ها، گەل، ات)، هەروەها لە شێوەزاری کرمانجی ژووروودا (ێد، ێن، ێت) هەیە.

دووەم/ ئەگەر ناوێك کۆتایی بە پیتی بزوێنی (ە) هاتبوو، کە نیشانەی (کۆ)ی وەرگرت، ناوبەندی (ی) دەچێتە نێوان ناوەکە و نیشانەکەوە؟ وەڵام: چەوتە ، ئەگەر ناوەکە لە یەك بڕگە پێکهاتبوو، ناوبەندی (ی) وەردەگرێ، نموونە: شە = شەیان.

سێیەم/ ناوی تایبەتی کۆناکرێتەوە؟ وەڵام/ ڕاستە

چوارەم/ ئەگەر ناوێك کۆتایی بە پیتی بزوێنی (وو) هاتبوو، کۆدەکرێتەوە، بزوێنەکەی خۆی کورتدەکاتەوە بۆ یەك (و)، ناوبەندی (و) وەردەگرێت. وەڵام: ڕاستە.

پێنجەم/ لە شێوەزاری کرمانجی ژووروودا، لە هەموو دۆخێکدا بۆ کۆ، (ێد، ێن، ێت) بەکاردێت؟

وەڵام: هەڵەیە، تەنیا لە دۆخی دۆانەپاڵدا بەکاردێت بۆ کۆ.

**ڕاهێنانی شەشەم، لاپەڕەی 35، ئەم ناوانە بە شێوەی کۆ لە دۆخی درانە پاڵدا بەکاربهێنە، نیشانەی (ێن) بەکاربهێنە:**

| ژ | ناوی تاك | ڕستە (ناوی کۆ) |
|---|---|---|
| 1 | چاڤ | ئەز چاڤێن جوان دیت. |
| 2 | دار | دارێن کوردستان بەرزن. |
| 3 | ڕووبار | ڕووبارێن فورات ل ڕووبارێن دیجلە کورتترە. |
| 4 | چیا | چیایێن کوردستان بلندن. |
| 5 | کچ | کچێن مە جوانن. |

# ناوی بچووككراوە

**ناوی بچووككراوە:** ناوێكە بچوكی و وردیی شتێك ڕادەگەیەنێت. ناوی بچووككراوە بەم شێوایەی خوارەوە دروستدەكرێت:

**یەكەم/ ناوی گشتی + یەكێك لەم پاشگرانە (ۆكە، ڵە، ۆڵە، ۆڵ، یلە، ۆلە، وولە، ولكە، چە، چكە، ۆچكە، ك، ۆلكە، ۆك، ۆشك، لە، یلكە)= ناوی بچووككراوە**

| ژ | ناو | پاشگر | ناوی بچووككراوە |
|---|---|---|---|
| 1 | كەپر، بزن | ۆكە | كەپرۆكە، بزنۆكە |
| 2 | گۆزە، دیزە | ڵە | گۆزەڵە، دیزەڵە |
| 3 | كیژ، چنگ | ۆڵە | كیژۆڵە، چنگۆڵە |
| 4 | ئاسك، كرم | ۆڵ | ئاسكۆڵ، كرمۆڵ |
| 5 | كار | یلە | كاریلە |
| 6 | بەرخ، مێشك | ۆلە | بەرخۆلە، مێشكۆلە |
| 7 | مێش، دان | وولە | مێشوولە، دانوولە |
| 8 | داس، جام | ولكە | داسولكە، جامولكە |
| 9 | باخ، دەریا | چە | باخچە، دەریاچە |
| 10 | ڕێ، پێ، گوێ | چكە | ڕێچكە، پێچكە، گوێچكە |
| 11 | منداڵ | ۆچكە | منداڵۆچكە |
| 12 | كوڕ، كچ | ك | كوڕك، كچك |
| 13 | گرد | ۆلكە | گردۆلكە |
| 14 | گوند، مەنجەڵ | ۆك | گوندۆك، مەنجەڵۆك |
| 15 | زەلام، كەنگر، ڕووبار | ۆشك | زەلامۆشك، كەنگرۆشك، ڕووبارۆشك |
| 16 | برا | لە | برالە |
| 17 | جام | یلكە | جامیلكە |

تێبینی: مەرج نییە هەموو ناوێكی گشتی لەگەڵ یەكێك لەم پاشگرانەدا بكرێت بە ناو بچووككراوە.

دووەم/ **ناوی تایبەتی** هیچ دەستوور و بنەمایەكی جێگیری نییە، كە پێی بچووكبكرێتەوە. **بچووككردنەوەكان بە پێی ناوچە و شێوەزاری زمان دەگۆڕدرێ:**

| ژ | ناو | ناوی بچكوكراوە |
|---|---|---|
| 1 | بچوك، محمود | چكۆلە، خولە |
| 2 | مستەفا، محمد | مچە، حەمە |

**لە زمانی كوردیدا، ناو بۆ یەكێك لەم مەبەستانە بچوكدەكرێتەوە:**

**یەكەم/** ئەشێ خۆی ناوی بچوككراوەبێت. **دووەم/** بۆ ناز و خۆشەویستی. **سێیەم/** بۆ شكاندن و كەمكردنەوەی نرخ.

**ڕاهێنانی یەکەم، لاپەڕەی 38، وەڵامی ڕاست هەڵبژێرە:**

| ژ | ووشە | هەڵبژاردن |
|---|---|---|
| 1 | خانوو | خانووەکە، خانووچکە، خانوولکە |
| 2 | جام | جامێك، جامە، جاموڵکە |
| 3 | باخ | باخچە، باخەکە، باخۆك |
| 4 | ئاسك | ئاسکێك، ئاسکۆڵ، ئاسکیلە |
| 5 | کەپر | کەپرەك، کەپرولە، کەپرۆکە |
| 6 | قاڵی | قاڵیچە، قالییەك، قالیلکە |
| 7 | نازدار | نازناز، نازێ، ناز |
| 8 | مەحمود | حەمە، حەمەد، خولە |

**ڕاهێنانی دووەم، لاپەڕەی 38، ئەم پاشگرانە بۆ بچوککردنەوەی ناوی گشتی بەکاربهێنە، بۆ هەر یەکەیان دوو ناوی گشتی بهێنەرەوە، بچوکیان بکەرەوە:**

| ژ | پاشگر | ووشە | ناوی بچوککراوە |
|---|---|---|---|
| 1 | چە | باخ | باخچە |
| 2 | ۆڵکە | گرد | گردۆڵکە |
| 3 | ۆکە | بزن | بزنۆکە |
| 4 | ۆڵە | کیژ | کیژۆڵە |

کتێبی هەولێر

# جێناوی کەسی لکاو

**جێناوی کەسی لکاو:** ئەو جێناوانەن کە لە جیاتی ناوی کەسێك بەکاردێن، هەمیشە بە ووشەوە دەلکێن، بەتەنیا واتا نابەخشت، کە لکان بە ووشەوە، مەبەست دەپێکن.

**لە شێوەزاری کرمانجی خوارددوا، جێناوە لکاو و سەربەخۆکان ئەمانەن:**

| ژمارە | جێناوی کەسی سەربەخۆ | جێناوی کەسی لکاو | | |
|---|---|---|---|---|
| | | کۆمەڵەی یەکەم (بەهێز) | کۆمەڵەی دووەم (بێهێز) | کۆمەڵەی سێیەم (بێهێز) |
| کەسی یەکەم تاك | من | م | م | م |
| کەسی یەکەمی کۆ | ئێمە | مان | ین | ین |
| کەسی دووەمی تاك | تۆ | ت | یت | یت |
| کەسی دووەمی کۆ | ئێوە | تان | ن | ن |
| کەسی سێیەمی تاك | ئەو | ی | Ø | ات - ێت |
| کەسی سێیەمی کۆ | ئەوان | یان | ن | ن |

**نموونەی ڕستە بۆ جێناوە لکا و سەربەخۆکان:**

| ژمارە | جێناوی کەسی سەربەخۆ | جێناوی کەسی لکاو | | |
|---|---|---|---|---|
| | | کۆمەڵەی یەکەم | کۆمەڵەی دووەم | کۆمەڵەی سێیەم |
| کەسی یەکەم تاك | من چووم. | نانەکەم خوارد. | چووم. | دەچم. |
| کەسی یەکەمی کۆ | ئێمە کتێبەکەمان برد. | کتێبەکەمان برد. | چووین بۆ کتێبخانە. | دەچین بۆ کتێبخانە. |
| کەسی دووەمی تاك | تۆ نانەکەت خوارد. | نانەکەت خوارد. | بۆ خوێندنگە چوویت. | دەچیت بۆ خوێندنگە. |
| کەسی دووەمی کۆ | ئێوە گۆڤارەکەتان برد. | گۆڤارەکەتان برد. | بۆ خوێندنگە چوون. | دەچن بۆ خوێندنگە. |
| کەسی سێیەمی تاك | ئەو نانەکەی خوارد. | نانەکەی خوارد. | بۆ خوێندنگە چووØ. | جل دەشوات. ئاو دەڕژێت |
| کەسی سێیەمی کۆ | ئەوان یاریان کرد. | یاریان کرد. | بۆ خوێندنگە چوون. | دەچن بۆ خوێندنگە. |

تێبینی/ ئەگەر ڕەگی کار کۆتایی بە پیتی بزوێنی (ە، ۆ) هات، جێناوی (ات) بەکاردێت، ئەگینا (ێت) بەکاردێت.

**جێناوە کەسییە لکاوەکان لەگەڵ ئەم جۆرە کارانەدا بەکاردێن:**

| ژ | کاری ڕابردووی تێپەڕ | | کاری ڕابردووی تێنەپەڕ | | کاری ڕانەبردوو (تێپەڕ، تێنەپەڕ) | | کاری داخوازی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | م | مان | م | ین | م | ین | ———— |
| 2 | ت | تان | یت | ن | یت | ن | ە - ن |
| 3 | ی | یان | Ø | ن | ات - ێت | ن | ———— |

تێبینی/ کاری داخوازی تەنیا جێناوی لکاوی کەسی دووەمی تاك و کۆی لە دەوری بکەردا، تیا دەردەکەوێت، (ە) بۆکەسی دووەمی تاك، (ن) بۆ کەسی دووەمی کۆ.

**لە شێوەزاری کرمانجی ژووروودا، جێناوە لکاو و سەربەخۆکان ئەمانەن:**

| ژمارە | جێناوی کەسی سەربەخۆ | | جێناوی کەسی لکاو |
|---|---|---|---|
| | کۆمەڵەی یەکەم | کۆمەڵەی دووەم | |
| کەسی یەکەمی تاك | ئەز | من | م |
| کەسی یەکەمی کۆ | ئەم | مە | ین – ن |
| کەسی دووەمی تاك | توو | تە | ی |
| کەسی دووەمی کۆ | هوین | وە | ن |
| کەسی سێیەمی تاك | ئەو | وی - وێ | ی – ە |
| کەسی سێیەمی کۆ | ئەو | وان | ن |

**نموونەی ڕستە:**

| ژمارە | جێناوی کەسی سەربەخۆ | | جێناوی کەسی لکاو |
|---|---|---|---|
| | کۆمەڵەی یەکەم | کۆمەڵەی دووەم | |
| کەسی یەکەمی تاك | ئەز شەڤێ ل سەربانی دی نڤم. | من توو دیت. | م |
| کەسی یەکەمی کۆ | ئەم هاڤینێ ل سەربانا دنڤین. | مە هوین برد. | ین – ن |
| کەسی دووەمی تاك | توو ڕێزمانا کوردی دخوینی. | تە ئەز دیت. | ی |
| کەسی دووەمی کۆ | هوین واڤە دنڤیسن | وە هوین خست. | ن |
| کەسی سێیەمی تاك | ئەو گەلەك نامان بۆ هەڤاڵێن خۆ دنڤیسی. (دنڤیسە) | وی – وێ ئەو دیت. | ی – ە |
| کەسی سێیەمی کۆ | ئەو دوهی دهاتە ڤێرێ. | وان ئەم دیت. | ن |

**جێناوە لکاوەکانی کرمانجی ژووروو، تەنیا دوو ئەرك دەبینن:**

**یەکەم/ کاری ڕابردوو (تێپەڕ و تێنەپەڕ):**

A-کۆمەڵەی جێناوی کەسی سەربەخۆی (من مە - تە وە - وی وێ وان)، لەگەڵ کاری ڕابردووی تێپەڕدا بەکاردێن، ئەرکی (بکەر) دەبینن.   نموونە: **تە ڕێزمانا کوردی خاند.**

B-کۆمەڵەی جێناوی کەسی سەربەخۆی (من مە - تە وە - وی وێ وان)، لەگەڵ کاری ڕابردووی تێپەڕدا بەکاردێن، ئەرکی (بکەر) دەبینن. ئەگەر بەرکار بە جێناوی کەسی سەربەخۆ هات، کۆمەڵەی (ئەز ئەم – توو هوین – ئەو ئەو) بەکار دێت.

نموونە: **تە ئەز دیت.**

C- کۆمەڵەی جێناوی کەسی سەربەخۆی (ئەز ئەم توو هوین ئەو ئەو)، لەگەڵ کاری ڕابردووی تێنەپەڕدا بەکاردێن، ئەرکی (بکەر) دەبینن. بەمەرجێك پێویستە جێناوە لکاوەکانی (م ین – ی ن – ی ە ن) لەگەڵ بێت. نموونە: **ئەز هاتم.**

**دووەم/ کاری ڕانەبردوو (تێپەڕ و تێنە پەڕ):**

کۆمەڵەی جێناوی کەسی سەربەخۆی (ئەز ئەم توو هوین ئەو ئەو) لەگەڵ کاری ڕانەبردووی تێپەڕ و تێنەپەڕ دا بەکاردێن و ئەرکی (بکەر) دەبینن. بەمەرجێك پێویستە جێناوە لکاوەکانی (م ین – ی ن – ە ن) لەگەڵ بێت.

نموونە: **ئەز نان دخۆم**. ڕانەبردووی تێپەڕ. **ئەز دهێم**. ڕانەبردووی تێنەپەڕ.

**ڕاهێنانی یەکەم، لاپەڕەی 51، ئەم کارانە لەگەڵ جێناوە کەسییە لکاوەکانی کۆمەڵەی (پ) بەکاربهێنە:**

| ژ | کار | کەسی یەکەم | کەسی دووەم | کەسی سێیەم |
|---|---|---|---|---|
| 1 | هات | ئەز هاتم. تو هاتی. | ئەم هاتین. ئەو هاتە. | ئەو هاتن. هوین هاتن. |
| 2 | گرت | ئەز گرتم. تو گرتی. | ئەو گرتی. ئەم گرتین. | هوین گرتن. ئەو گرتن. |

**ڕاهێنانی دووەم، لاپەڕەی 52، ئەم جێناوە کەسییە سەربەخۆیانە، بە جێناوی کەسی لکاو بگۆڕە، وەك نموونەی (ب):**

| ژ | ڕستە (جێناوی کەسی سەربەخۆ) | ڕستە (جێناوی کەسی لکاو) |
|---|---|---|
| 1 | من (چوون) بۆ دهۆك. | چووم بۆ دهۆك. |
| 2 | ئێمە (خواردن) خوارد. | خواردنمان خوارد. |
| 3 | ئێوە هەموو ڕۆژێك (جلشتن). | هەموو ڕۆژێك جلدەشۆن. |
| 4 | تۆ چیرۆکەکە (خوێندنەوە). | چیرۆکەکەت خوێندەوە. |
| 5 | ئەوان هەمیشە بەڕۆژ (نووستن). | هەمیشە بەڕۆژ دەنوون. |

**ڕاهێنانی سێیەم، لاپەڕەی 52، وەڵامی ڕاست هەڵبژێرە:**

| ژ | جێناوی کەسی لکاو | هەڵبژاردن |
|---|---|---|
| 1 | (تان) جێناوی لکاوە بۆ کەسی | یەکەمی تاك، دووەمی کۆ، سێیەمی کۆ |
| 2 | (یت) جێناوی لکاوە بۆ کەسی | دووەمی کۆ، سێیەمی تاك، دووەمی تاك |
| 3 | (ین) جێناوی لکاوە بۆ کەسی | یەکەمی کۆ، دووەمی کۆ، سێیەمی کۆ |
| 4 | (یان) جێناوی لکاوە بۆ کەسی | دووەمی کۆ، یەکەمی کۆ، سێیەمی کۆ |
| 5 | (ن) جێناوی لکاوە بۆ کەسی | دووەمی تاك، یەکەمی کۆ، سێیەمی کۆ |
| 6 | (ێت) جێناوی لکاوە بۆ کەسی | دووەمی تاك، سێیەمی تاك، سێیەمی کۆ |

**ڕاهێنانی چوارەم، لاپەڕەی 53، ئەم ڕستەیەی خوارەوە بگۆڕە، لەگەڵ جێناوە کەسییە لکاوەکان.**

( من زۆر بە خێرایی باری ژیانم دەگۆڕم)

| ژ | داواکاری | ڕستە |
|---|---|---|
| 1 | کەسی یەکەمی کۆ | ئێمە زۆر بەخێرایی باری ژیانمان دەگۆڕین. |
| 2 | کەسی دووەمی تاك | تۆ زۆر بەخێرایی باری ژیانت دەگۆڕیت. |
| 3 | کەسی سێیەمی کۆ | ئەوان زۆر بەخێرایی باری ژیانیان دەگۆڕن. |
| 4 | کەسی دووەمی کۆ | ئێوە زۆر بە خێرایی باری ژیانتان دەگۆڕن. |

**ڕاهێنانی پێنجەم، لاپەڕەی 53، ئەم ڕستانە بۆ ئەو جێناوانەی بەرامبەریان بگۆڕە:**

| ژ | ڕستە | جێناو | ڕستە |
|---|---|---|---|
| 1 | ئەو دەیەوێت کوردستان لە ڕووی پیشەسازییەوە پێشبخات. | ئێمە | ئێمە دەمانەوێت کوردستان لە ڕووی پیشەسازییەوە پێش بخەین. |
| 2 | تۆ گەلێك شتی سەیر و بە کەڵکت داهێناوە. | ئێوە | ئێوە گەلێك شتی سەیر و بەکەڵکتان داهێناوە. |
| 3 | زۆرم پێخۆشە بێیت بۆ لام. | ئەوان | ئەوان زۆریان پێخۆشە بێیت بۆ لایان. |
| 4 | دوێنێ چاوم بە هاوڕێکەم کەوت. | تۆ | دوێنێ تۆ چاوت بە هاوڕێکەت کەوت. |

**ڕاهێنانی شەشەم، لاپەڕەی 53، ئەم ڕستانە شلۆڤە بکە :**

**یەکەم/ ئەوان سێو دەخۆن.**

ئەوان: جێناوی کەسی سەربەخۆ، بۆکەسی سێیەمی کۆ، بکەرە.

سێو، ناوە، تاکە، نەناسراوە، بەرکارە.

دەخۆن: کارە، سادەیە، ڕانەبردووی تێپەڕە.

ن: جێناوی کەسی لکاو، بۆ کەسی سێیەمی کۆ، دەگەڕێتەوە بۆ بکەر.

**دووەم/ من دەستێ وی گرت.**

من: جێناوی کەسی سەربەخۆ، بۆکەسی یەکەمی تاك، بکەرە.

دەست: ناوە، دیارخراوە

ێ: خستنەسەر (درانەپاڵ)

وی: جێناوی کەسی سەربەخۆ بۆ کەسی سێیەمی تاك، بۆ نێر، دیارخەرە

دەستێ وی: گرێی ناوییە، بەرکارە.

گرت: کارە، سادەیە، ڕابردووە، تێپەڕە.

**سێیەم/ تە ئەز بردم.**

تە: جێناوی کەسی سەربەخۆ بۆ کەسی دووەمی تاك، بکەر.

ئەز: جێناوی کەسی سەربەخۆ بۆ کەسی یەکەمی تاك، بەرکار.

برد: کارە، سادەیە، ڕابردووە، تێپەڕە.

م: جێناوی کەسی لکاو، بۆ کەسی سێیەمی تاك، دەگەڕێتەوە بۆ بەرکار.

هەوالنامەی کتێب

# هـــــــاوەڵناو

**هاوەڵناو:** ووشەیەکە وەسفی ناوێك یان جێناوێك دەکات، دەبێتە دیارخەری ناوەکە یان جێناوەکە، هەروەها هاوەڵناو دەتوانێ ببێت بە تەواوکەری کاری ناتەواو.

**هاوەڵناو دوو ئەرکی هەیە/**

**یەکەم/** دەبێتە دیارخەری ناو یان جێناو:

**دووەم/** دەبێتە تەواوکەر کاری ناتەواو

| ژ | ڕستە | ئەرکی هاوەڵناو |
|---|---|---|
| 1 | کۆتری سپی نیشانەی ئاشتییە. | هاوەڵناو دیارخەری ناو |
| 2 | کوردستان بە ئێوەی تێکۆشەر سەردەکەوێت. | هاوەڵناو دیارخەری جێناو |
| 3 | سەیرانەکەمان خۆش بوو. | هاوەڵناو تەواوکەری کاری ناتەواو |
| 4 | ئەسپی چاك ئاوزەنگی ناوێت. | هاوەڵناو دیارخەری ناو |

## هاوەڵناوی چۆنییەتی

**هاوەڵناوی چۆنییەتی/** ئەو هاوەڵناوەیە کە لە ڕستەدا وەسفی ناوێك یان جێناوێك دەکات و دەبێتە دیارخەری ناوەکە یان جێناوەکە، یان دەبێتە تەواوکەری کاری ناتەواو.

| ژ | ڕستە | ئەرکی هاوەڵناوی چۆنییەتی |
|---|---|---|
| 1 | مرۆڤی باش سەردەکەوێت. | هاوەڵناوی چۆنییەتی دیارخەری ناو |
| 2 | ترێی ڕەش بکڕە. | هاوەڵناوی چۆنییەتی دیارخەری ناو |
| 3 | ماسیی گەورە لە ڕووبارێدا هەیە. | هاوەڵناوی چۆنییەتی دیارخەری ناو |
| 4 | شیرین نازدارە. | هاوەڵناوی چۆنییەتی تەواوکەری کاری ناتەوا. |
| 5 | خانووەکە کۆن بوو. | هاوەڵناوی چۆنییەتی تەواوکەری کاری ناتەوا. |
| 6 | مرۆڤی نیشتیمان پەروەر سەرفراز دەبێت | هاوەڵناوی چۆنییەتی دیارخەری ناو، تەواوکەری کاری ناتەوا. |
| 7 | ئێوەی زیرەك بە ئامانج دەگەن. | هاوەڵناوی چۆنییەتی دیارخەری جێناو |
| 8 | گۆتنا خۆش بهارا دلانە. | هاوەڵناوی چۆنییەتی دیارخەری ناو |
| 9 | باشترین چیرۆکم خوێندەوە. | هاوەڵناوی چۆنییەتی دیارخەری ناو |

هەواڵنامەی کتێب

**لە شێوەزاری کرمانجی خوارووددا، هاوەڵناو دەبێتە دیارخەری ناو یان جێناو:**

**یەکەم/ Aجێناو یان ناوی نەناسراو(دیارخراو) + (ی) ئامرازی خستنەسەر (درانە پاڵ) + هاوەڵناوی چۆنیەتی (دیارخەر) = گرێی ناوی**

| ژ | جێناو یان ناوی نەناسراو (دیارخراو) | خستنەسەر | هاوەڵناوی چۆنیەتی (دیارخەر) | گرێی ناوی |
|---|---|---|---|---|
| 1 | مرۆڤ | ی | باش | مرۆڤی باش |
| 2 | ئێوە | ی | تێکۆشەر | ئێوەی تێکۆشە |

**Bناوی ناسراو(دیارخراو) + (ە) ئامرازی خستنەسەر (درانە پاڵ) + هاوەڵناوی چۆنیەتی (دیارخەر) مكە +ان = گرێی ناوی**

| ژ | جێناو یان ناوی ناسراو (دیارخراو) | خستنەسەر | هاوەڵناوی چۆنیەتی (دیارخەر) | گرێی ناوی |
|---|---|---|---|---|
| 1 | خوێندکار | ە | زیرەك + مكە +ان | خوێندکارە زیرەکەکان |

**دووەم/ ئەگەر لە گرێی ناویدا هاوەڵناو پێش بکەوێت، ئامرازی خستنەسەرمان ناوێت:**

| ژ | هاوەڵناوی چۆنیەتی (دیارخەر) | ناوی نەناسراو(دیارخراو) | گرێی ناوی |
|---|---|---|---|
| 1 | جوانترین (هاوەڵناوی پلەی باڵا) | کراس | جوانترین کراس |
| 2 | باشترین (هاوەڵناوی پلەی باڵا) | کتێب | باشترین کتێب |

تێبینی/ گەر هاوەڵناوی چۆنێتی بکەوێتە پێش ناو، ئامرازی خستنەسەری ناوێت، گرێ ناوییەکە دەخاتە سەر شێوەی ناوی لێکدراو: نموونە: گوڵێکی سوورم کڕی.          سوور گوڵێکم کڕی.

**لە شێوەزاری کرمانجی ژووروودا، هاوەڵناو دەبێتە دیارخەری ناو یان جێناو:**

**ئامرازەکانی خستنەسەر (درانە پاڵ):**

| ژ | خستنەسەر (درانەپاڵ) | بۆ تاك و كۆی نێر و مێ |
|---|---|---|
| 1 | ێ | بۆ تاکی نێر |
| 2 | ا | بۆ تاکی مێ |
| 3 | ێد، ێن، ێت | بۆ نێر و مێی کۆ |

**یەکەم/ ناو (دیارخراو) + (ێ) بۆ تاکی نێر ئامرازی خستنەسەر (درانە پال) + هاوەڵناو (دیارخەر) = گرێی ناوی**

| ژ | ناو (دیارخراو) | (ێ) تاکی نێر ئامرازی خستنەسەر | هاوەڵناو (دیارخەر) | گرێی ناوی |
|---|---|---|---|---|
| 1 | مرۆڤ | ێ | مەزن | مرۆڤێ مەزن ناڤدارە. |

**دووەم/ ناو ( دیارخراو ) + ( ا ) بۆ تاکی مێ ئامرازی خستنەسەر ( درانە پاڵ ) + هاوەڵناو ( دیارخەر ) = گرێی ناوی**

| ژ | ناو (دیارخراو) | (ا) بۆ تاکی مێ ئامرازی خستنەسەر | هاوەڵناو (دیارخەر) | گرێی ناوی |
|---|---|---|---|---|
| 1 | پرچ | ا | زەرد | پرچا زەرد جوانە. |

**یەکەم/ ناو ( دیارخراو ) + ( ێن، ێد، ێت ) بۆ کۆی نێر و مێ ئامرازی خستنەسەر ( درانە پاڵ ) + هاوەڵناو ( دیارخەر ) = گرێی ناوی**

| ژ | ناو (دیارخراو) | بۆ کۆی نێر و مێ خستنەسەر | هاوەڵناو (دیارخەر) | گرێی ناوی |
|---|---|---|---|---|
| 1 | چیا | ێن | بەرز | چیایێن بەرز ترسناکن. |
| 2 | باخ | ێد | جوان | باخێد جوان دلگیرن. |
| 3 | کوڕ | ێت | ئازا | کوڕێت ئازا چەلەنگن. |

**ڕاهێنانی یەکەم، لاپەڕەی 59، لەم ڕستانەی خوارەوەدا، هەر هاوەڵناوێکی چۆنێتی هەیە دەریبهێنە، ئەرکەکەی دیاری بکە:**

| ژ | ڕستە | هاوەڵناو | ئەرک |
|---|---|---|---|
| 1 | پێ لە تەختەی چروک مەنێ. | چروک | دیارخەری ناو |
| 2 | مە چاڤێن بەلەك دیتن. | بەلەك | دیارخەری ناو |
| 3 | هەنار میوەیەکێ خۆشە. | خۆش | دیارخەری ناو |
| 4 | یارمەتی مرۆڤی هەژار بدە. | هەژار | دیارخەری ناو |
| 5 | پرچا بەفرینێ زەردە. | زەرد | تەواوکەری کاری ناتەواو |
| 6 | ڕێزی مرۆڤی مەزن بگرە. | مەزن | دیارخەری ناو |
| 7 | شێرکۆ کوڕەکی ئازایە. | ئازا | دیارخەری ناو |
| 8 | چیایێن کوردستانێ بلندن. | بلند | تەواوکەری کاری ناتەواو |
| 9 | ئێوەی تێکۆشەر سەردەکەون. | تێکۆشەر | دیارخەری جێناو |

**ڕاهێنانی دووەم، لاپەڕەی 59، شەش ڕستە بهێنەرەوە کە هاوەڵناوی چۆنێتی تێدابێت، بەمەرجێ:**

| ژ | داواکاری | ڕستە |
|---|---|---|
| 1 | دیارخەری ناو | هەناری شیرین خۆشە. پیاوی دڵسۆز زۆرە. خوێندکاری زیرەك خۆشەویستە. |
| 2 | دیارخەری جێناو | ئێوەی ئازا نابەزن. ئێمەی تێکۆشەر لە خەبات بەردەوامین. |
| 3 | تەواوکەری کاری ناتەواو | خوێندکارەکە زیرەك بوو. |

**ڕاهێنانی سێیەم، لاپەڕەی 60، وەڵامی ڕاست هەڵبژێرە:**

| ژ | ڕستە | هەڵبژاردن |
|---|---|---|
| 1 | دارستانێکی **چڕ** لە نزیك دێیەکەمان هەیە. | هاوەڵناوی **چۆنێتی**، ناو، جێناو |
| 2 | **جوان** پێشەنگاکەی ڕازاندەوە. | جێناو، **هاوەڵناوی چۆنێتی**، ناو |
| 3 | ماسیی **گەورە** لە تاڤگەدا ناگیرێ. | جێناو، **هاوەڵناوی چۆنێتی**، ناو |
| 4 | **ئێوە** هیوای دواڕۆژن. | هاوەڵناوی چۆنێتی، **جێناو**، ناو |
| 5 | ڕاگرتنی **پاکوخاوێنی** شار ئەرکێکی نیشتیمانییە. | جێناو، هاوەڵناوی **چۆنێتی**، ناو |

**ڕاهێنانی چوارەم، لاپەڕەی 60، ئەم ڕستانەی خوارەوە شلۆڤە بکە:**

**یەکەم/ دراوی سپی بۆ ڕۆژی ڕەشە.**

دراو: ناوە، تاکە، نەناسراوە، دیارخراو

ی: ئامرازی خستنەسەر.

سپی: هاوەڵناوە، دیارخەرە.

دراوی سپی: گرێی ناوییە، نیهاد.

بۆ: ئامرازی پەیوەندی.

ڕۆژ: ناوە دیارخراوە

ی: ئامرازی خستنەسەر

ڕەش: هاوەڵناوە دیارخراوە

ڕۆژی ڕەش: گرێی ناوییە تەواوکەری کاری ناتەواو.

ە: کاری ناتەواو بۆ دەمی ئێستا.

**دووەم/ سێوی باش بکڕە.**

سێو/ ناوە، تاکە، نەناسراوە، دیارخراو

ی: ئامرازی خستنەسەر.

باش: هاوەڵناوە، دیارخەرە.

سێوی باش: گرێی ناوییە، بەرکارە.

بکڕە: کاری داخوازییە، سادەیە، تێپەڕە

ە: جێناوی لکاو بۆ کەسی دووەمی تاك، بکەرە

**سێیەم/ دەستمالا نەسرینێ جوانە.**

دەستمال: ناوە، تاکە، دیارخراوە

ا: ئامرازی خستنەسەرە، بۆ تاکی مێ.

نەسرین/ ناوە، تاکە، تایبەتییە، دیارخەرە.

ێ: نیشانەی ڕەگەزی مێ

دەستمالا نەسرین: گرێی ناوییە، نیهادە.

جوان: هاوەڵناوی، تەواوکەری کاری ناتەواوە

ە: کاری ناتەواوە، بۆ دەمی ئێستا.

جوانە: گوزارە

هەواڵنامەی کتێب

# جۆرەکانی هاوەڵناوی چۆنێتی لە ڕووی درووستکردنەوە

| ژ | هاوەڵناوی سادە | هاوەڵناوی ناسادە | |
|---|---|---|---|
| | | هاوەڵناوی داڕێژراو | هاوەڵناوی لێکدراو |
| 1 | گوڵی جوان بچێنە. | بهارا کوردستانێ گەلەکا ڕەنگینە. | پارمەتی مرۆڤی دڵسووتاو بدە. |
| 2 | ئاوی کانی پاکە. | کتێبی بەسوود بخوێنەرەوە. | لە مرۆڤێ زار خۆشی زکرەش دویر کەڤە. |
| 3 | تۆی زیرەك دەردەچیت. | مرۆڤی دەشتەکی بەهێزە. | گولیزار کچەکا ڕووخۆشە. |
| 4 | چەند چیا بلند بن نهال کویر دەبن. | مرۆڤێ بێورە سەرناکەوێت. | موحەمەد عارفێ سترانبێژ هونەرمەندەکێ مەزنبوو. |
| 5 | درەختی سەوز جوانە. | گەلێن هشیار پێش دکەڤیت. | پیاوی دەستبڕ لەناو دەچێت. |

لە زمانی کوردیدا، هاوەڵناوی چۆنێتی لە ڕووی درووستکردنەوە دەکرێت بە دوو بەشەوە:

**یەکەم/ هاوەڵناوی سادە: وشەیەکی واتاداری سەربەخۆیە.**

نموونە: (جوان، پاك، ترش، زیرەك، سەوز ....)

**دووەم/ هاوەڵناوی ناسادە:**

A– **هاوەڵناوی داڕێژراو: لە وشەیەکی واتادار لەگەڵ پێشگر یان پاشگر یان هەردووکیان پێکدێت.**

1– **پێشگر + هاوەڵناوی سادە = هاوەڵناوی داڕێژراو**

| ژ | پێشگر | هاوەڵناوی سادە | هاوەڵناوی داڕێژراو |
|---|---|---|---|
| 1 | بە | سوود | بەسوود |
| 2 | بە | هێز | بەهێز |

2-**هاوەڵناوی سادە + پاشگر = هاوەڵناوی داڕێژراو**

| ژ | هاوەڵناوی سادە | پاشگر | هاوەڵناوی داڕێژراو |
|---|---|---|---|
| 1 | هش (هۆش) | یار | هشیار |
| 2 | ڕوون | اك | ڕووناك |
| 3 | نەرم | ین | نەرمین |
| 4 | سوور | ایی | سوورایی |

3 **ناوی سادە + پاشگر = هاوەڵناوی داڕێژراو**

| ژ | ناوی سادە | پاشگر | هاوەڵناوی داڕێژراو |
|---|---|---|---|
| 1 | دەشت، خێڵ | ەکی | دەشتەکی، خێڵەکی |
| 2 | ڕەنگ، زێڕ | ین | ڕەنگین، زێڕین |

B– **هاوەڵناوی لێکدراو: لە دوو وشەی واتادار یان پتر پێکدێت.**

1– **ناوی سادە + هاوەڵناو = هاوەڵناوی لێکدراو**

| ژ | ناوی سادە | هاوەڵناو | هاوەڵناوی لێکدراو |
|---|---|---|---|
| 1 | دڵ | سووتاو (هاوەڵناوی بکەری داڕێژراو) | دڵسووتاو، زمان پیس |
| 2 | زار | خۆش | زارخۆش، دەنگخۆش |
| 3 | زك | ڕەش | زكرەش، دڵپاك |
| 4 | ڕوو | خۆش | ڕووخۆش، ڕووڕەش |

-2 **ناوی سادە + ڕەگی کار = هاوەڵناوی لێکدراو**

| ژ | ناوی سادە | ڕەگی کار | هاوەڵناوی لێکدراو |
|---|---|---|---|
| 1 | ستران | بێژ | سترانبێژ، مۆسیقاژەن |
| 2 | دەست | بڕ | دەست بڕ، قژبڕ |

3 – **هاوەڵکاری سادە + ناوی سادە = هاوەڵناوی لێکدراو**

| ژ | هاوەڵناوی سادە | ناوی سادە | هاوەڵناوی لێکدراو |
|---|---|---|---|
| 1 | ژێر | دەست | ژێردەست، بنباڵ |
| 2 | ژێر | چەپۆك | ژێر چەپۆك، ناوبۆش |

**ڕاهێنانی یەکەم، لاپەڕەی 64، لەم ڕستانەی خوارەوەدا، هاوەڵناوی چۆنێتی دەربهێنە و جۆرەکەی دیاربخە:**

| ژ | ڕستە | هاوەڵناوی چۆنێتی | جۆر |
|---|---|---|---|
| 1 | باخی مە یێ جوانە. | جوان | هاوەڵناوی سادەیە |
| 2 | مرۆڤی دەستکورت هەیە. | دەستکورت | هاوەڵناوی لێکدراو |
| 3 | ئاوی کانی سازگارە. | سازگار | هاوەڵناوی داڕێژراو |
| 4 | گوڵناز کچەکا بەژن زراڤە. | بەژن زراڤ | هاوەڵناوی لێکدراو |
| 5 | کاری نارێك سەرناگرێت. | نارێك | هاوەڵناوی داڕێژراو |
| 6 | گوندێ وان یێ دویرە. | دویر | هاوەڵناوی سادەیە |

**ڕاهێنانی دووەم، لاپەڕەی 65، جیاوازی لە نێوان هاوەڵناوی داڕێژراو و لێکدراودا چییە؟ بە نموونە ڕوونی بکەرەوە.**

| ژ | هاوەڵناوی داڕێژراو | هاوەڵناوی لێکدراو |
|---|---|---|
| 1 | لە وشەیەکی واتادار لەگەڵ پێشگر یان پاشگر یان هەردووکیان پێکدێت. | لە دوو وشەی واتادار یان پتر پێکدێت. |
| 2 | نارێك | دەست کورت |

هەولێرنامەی کتێب

**ڕاهێنانی سێیەم، لاپەڕەی 65، وەڵامی ڕاست هەڵبژێرە:**

| ژ | نموونە | هەڵبژاردن |
|---|---|---|
| 1 | فرۆکەوان | ساده داڕێژراو لێکدراو |
| 2 | خوێندەوار | لێکدراو ساده داڕێژراو |
| 3 | دووڵدوو | داڕێژراو ساده لێکدراو |
| 4 | نەمر | ساده داڕێژراو لێکدراو |
| 5 | سوێر | لێکدراو ساده داڕێژراو |
| 6 | چین چین | داڕێژراو ساده لێکدراو |
| 7 | ورد | ساده داڕێژراو لێکدراو |

هەوڵنامەی کتێب

**ڕاهێنانی چوارەم، لاپەڕەی 65، ئەم ڕستانە شلۆڤەبکە:**

**یەکەم/ گەلی ژێردەست تێدەکۆشێت.**

**گەل**: ناوە، تاکە نەناسراوە، دیارخراوە.

**ی**: ئامرازی خستنەسەر

**ژێردەست**: هاوەڵناوی لێکدراو دیارخەر

**گەلی ژێردەست**: گرێی ناوی بکەر

**تێدەکۆشێت**: کاری ڕانەبردوو تێنەپەڕ.

**ێت**: جێناوی لکاو بۆ کەسی سێیەمی تاك. دەگەڕێتەوە بۆ بکەر

**دووەم/ مە زنجیرا ستویر پساند.**

**مە**: جێناوی سەربەخۆ بۆ کەسی یەکەمی کۆ، بکەر

**زنجیر**: ناوە، تاکە، دیارخراوە.

**ا**: ئامرازی خستنەسەر، بۆ تاکی مێ

**ستویر**: هاوەڵناو دیارخەری ناو

**زنجیرا ستویر**: گرێی ناوی، بەرکارە.

**پساند**: کاری ڕابردووی تێپەڕ

**سێیەم/ کۆمپیوتەر ئامێرێکی بەسوودە.**

**کۆمپیوتەر**: ناوە، تاکە، گشتی، نیهادە.

**ئامێرێك**: ناوە، تاکە، نەناسراو، دیارخراوە ، یێك: نیشانەی نەناسراوی.

**ی**: خستنەسەر

**بەسوود**: هاوەڵناوی ناسادە (داڕێژراو) دیارخەر

**ئامێرێکی بەسوود**: گرێی ناوییە، تەواوکەری کاری ناتەواو

**ە**: کاری ناتەواو بۆ دەمی ئێستا.

# پلەکانی هاوەڵناوی چۆنیەتی

| ژ | هاوەڵناوی پلەی چەسپاو | هاوەڵناوی پلەی بەراورد | هاوەڵناوی پلەی باڵا |
|---|---|---|---|
| 1 | ئاروی ناسك بكره. | ئازاد له نەوزاد ژیر تره. | هەلگورد بلّندترین چیایه له کوردستانی باشووردا. |
| 2 | گولێن مه گەش بوو. | ئەڤ گولە ژ کولا دە سۆر ترە. | بەختیار قوتابیی هەرە زیرەکی ئەم قوتابخانەیەیە. |
| 3 | ئێوەی تێكۆشەر سەردەكەون | كتێبا من ژ كتێبا تە كەڤنترە. | دلۆڤان ژ هەمیا مەزنترە. |
| 4 | ئاڤا شیرین ڤەخۆ. | | ئازاد لە گشت خوێندكاران باشترە. |

**هاوەڵناوی پلەی چەسپاو:** ئەو هاوەڵناوەیە کە بۆ وەسفی ناوێك یان جێناوێك بەكاردێت.

نموونە: (ناسك، گەش، تێكۆشەر، شیرین).

**هاوەڵناوی پلەی بەراورد:** ئەو هاوەڵناوەیە کە بۆ بەراوردکردن لە نێوان دوو ناوی وەسفکراو بەکاردێت، کە هەردووکیان لە سیفەتا هاوبەشن، بەڵام پلەی یەکێکیان لەوی تریان پتر ترە. پاشگری (تر) دەخرێتە کۆتایی هاوەڵناوە چۆنێتییەکەوە، هەروەها ئامرازی پەیوەندی (لە، ژ) دەخرێتە نێوان دوو ناوە بەراوردكاروەكەوە.

**هاوەڵناوی چۆنێتی + پاشگری ( تر )= هاوەڵناوی پلەی بەراورد**

| ژ | هاوەڵناوی چۆنێتی | پاشگری | هاوەڵناوی پلەی بەراورد |
|---|---|---|---|
| 1 | سوور | تر | سوورتر |
| 2 | ژیر | تر | ژیرتر |

**هاوەڵناوی پەلەی باڵا:** ئەو هاوەڵناوەیە کە پلەی باڵای ناوێك پیشاندەدات، لە نێوان کۆمەڵە ناوێك، کە هەموویان لە سیفەتێکدا هاوبەشن، بەڵام پلەی یەکێکیان لە هەموویان زیاترە. پاشگری (ترین) دەخرێتە کۆتایی هاوەڵناوە چۆنێتییەکەوە.

**هاوەڵناوی چۆنێتی + پاشگری ( ترین )= هاوەڵناوی پلەی باڵا**

| ژ | هاوەڵناوی چۆنێتی | پاشگری | هاوەڵناوی پلەی باڵا |
|---|---|---|---|
| 1 | سوور | ترین | سوورترین |
| 2 | ژیر | ترین | ژیرترین |

**تێبینی: هاوەڵناوی پەلەی باڵا بەم ڕێگایانەی تریش دروستدەکرێت:**

یەکەم/ وشەی (هەرە) + هاوەڵناوی پلەی چەسپاو = هاوەڵناوی پلەی باڵا

نموونە: بەختیار قوتابیی هەرە زیرەکی ئەم قوتابخانەیەیە.

دووەم/ وشەکانی (ژ هەمیا، لە گشت، لە هەموو، ژ تەڤ) + هاوەڵناوی پلەی بەراورد = هاوەڵناوی پلەی باڵا

نموونە: دلۆڤان ژ هەمیا مەزنترە. ئازاد لە گشت خوێندكاران باشترە. خوێندكارەكە لە هەموویان زیرەكترە.

**ڕاهێنانی یەکەم، لاپەڕەی 69، وەڵامی ڕاست بۆ ئەم هاوەڵناوانەی هێڵیان بەژێردا هاتووە هەڵبژێرە.**

| ژ | ڕستە | هەڵبژاردن |
|---|---|---|
| 1 | جۆ لە گەنم هەرزانترە. | پلەی باڵا - پلەی چەسپاو - **پلەی بەراورد** |
| 2 | نێرگز جوانترین گوڵی بەهارە. | پلەی بەراورد - **پلەی باڵا** - پلەی چەسپاو |
| 3 | ئاوی کانییەکە سارد بوو. | پلەی باڵا - **پلەی چەسپاو** - پلەی بەراورد |
| 4 | شاخی هەڵگورد لە شاخی سەفین بەرزترە. | **پلەی بەراورد** - پلەی باڵا - پلەی چەسپاو |
| 5 | ئەم ئەسپە خێراترە. | پلەی باڵا - پلەی چەسپاو - **پلەی بەراورد** |

**ڕاهێنانی دووەم، لاپەڕەی 70، لەم ڕستانەی خوارەوە هاوەڵناوی چۆنێتی دەربهێنە، پلەکانیان دیاری بکە:**

| ژ | ڕستە | هاوەڵناو | پلەی هاوەڵناو |
|---|---|---|---|
| 1 | پیاوی ئازا چاو نەترسە. | ئازا | پلەی چەسپاو |
| 2 | سەردار ژ نەوزاد خۆشمێرترە. | خۆشمێرتر | پلەی بەراورد |
| 3 | شاسوار لەم پۆلەدا باشترین قوتابییە. | باشترین | پلەی باڵا |
| 4 | ئەڤ گولە ژ هەمیا جوانترە. | ژ هەمیا ، جوانتر | پلەی باڵا |
| 5 | ئەڤین ژ گشت قوتابیان زیرەکترە. | ژ گشت ، زیرەکتر | پلەی باڵا |
| 6 | شێرۆ ژ مێیرانی مەزنترە. | مەزنتر | پلەی بەراورد |

**ڕاهێنانی سێیەم، لاپەڕەی 70، چۆن هاوەڵناوی پلەی بەراورد لە هاوەڵناوی پلەی باڵا جیادەکەیتەوە، بە نموونە ڕوونی بکەرەوە.**

| ژ | هاوەڵناوی پلەی بەراورد | هاوەڵناوی پلەی باڵا |
|---|---|---|
| 1 | ئەو هاوەڵناوەیە کە بۆ بەراوردکردن لە نێوان دوو ناوی وەسفکراو بەکاردێت، کە هەردووکیان لە سیفەتا هاوبەشن، بەڵام پلەی یەکێکیان لەوی تریان پتر ترە. | ئەو هاوەڵناوەیە کە پلەی باڵای ناوێك پیشاندەدات، لە نێوان کۆمەڵە ناوێك کە هەموویان لە سیفەتێکدا هاوبەشن، بەڵام پلەی یەکێکیان لە هەموویان زیاترە. |
| 2 | پاشگری (تر) دەخرێتە کۆتایی هاوەڵناوە چۆنێتییەکەوە. | پاشگری (ترین) دەخرێتە کۆتایی هاوەڵناوە چۆنێتییەکەوە. |
| 3 | ژیرتر | ژیرترین |

**ڕاهێنانی چوارەم، لاپەڕەی 70، ئەم ڕستانە شلۆڤە بکە:**

**یەکەم/ زەریا لە دەریا قوڵترە.**

زەریا: ناوە، تاکە، نەناسراوە، نیهادە.

لە دەریا: تەواوکەری بەیاریدەی کاری ناتەواوە.

قوڵتر: هاوەڵناوی ڤەلی بەراورد، تەواوکەری کاری ناتەواوە.

ە: کاری ناتەواوە بۆ دەمی ئێستا.

**دووەم/ هاوین گەرمترین وەرزی ساڵە.**

هاوین: ناوە، تاکە، نیهادە.

گەرمترین: هاوەڵناوی پلەی باڵا، دیارخەری

وەرز: ناوە، دیارخراوە

ساڵ: ناوە، دیارخەرە

گەرمترین وەرزی ساڵ: گرێی ناوی تەواوکەری کاری ناتەواو

ە: کاری ناتەواوە بۆ دەمی ئێستا.

# هاوەڵناوی نیشانە

**هاوەڵناوی نیشانە:** هاوەڵناوێکە وەسفی ناو دەکات، بە ئاسانی لە هاوچەشنەکانی خۆی جیادەکات، هەمیشە ناوە دەستنیشانکراوەکە، دەکەوێتە نێوان هەردوو بەشی هاوەڵناوەکەوە. (هاوەڵناوی نیشانە لە دوو کەرت پێکدێت).

**هاوەڵناوی نیشانە لە شێوەزاری کرمانجی خواروودا:**

| ژ | نزیك (تاك و كۆ) | دوور (تاك و كۆ) |
|---|---|---|
| 1 | ئەم ........... ە | ئەو ........... ە |

**هاوەڵناوی نیشانە لە شێوەزاری کرمانجی ژووروودا:**

| ژ | نزیك | دوور |
|---|---|---|
| 1 | ڤی ...... ی بۆ (نێر)<br>ئەڤ ..... ە | وی ........ ی بۆ(نێر) |
| 2 | ڤێ ...... ێ بۆ (مێ) | وێ ........ ێ بۆ (مێ) |
| 3 | ئەڤان ...... ان | وان ....... ان |

| ژ | ڕستە | |
|---|---|---|
| 1 | ئەم گوڵە جوانە. | ئەو گوڵە جوانە. |
| 2 | ئەم دارانە بەرزن. | ئەو دارانە جوانن. |
| 3 | ئەڤ کوڕەیێ زیرەکە. | |
| 4 | ڤی خورتی سەرێ مە بلندکر. | ڤێ کچێ هۆزانەك ڤەهاند. |
| 5 | وی جامێری هاریکاریا مە کر. | وێ گوتنێ دلێ مە خۆشکر. |
| 6 | ئەڤان مرۆڤان نان خار. | وان جوتیاران زەڤیێن خۆ کێلان. |

تێبینی/ ئەو ناوەی کە دەچێتە نێوان دوو کەرتی هاوەڵناوە نیشانەکەوە، گەر کۆتایی بە پیتی بزوێن بێت، ناوبەندی (ی، و) وەردەگرێت، بۆ ئەوەی دوو بزوێن بەریەك نەکەوێت: ئەم دێیە گەورەیە. ئەو دێیە گەورەیە. ئەم کەیبانووە خاوێنە. ئەو کەیبانووە خاوێنە.

**ڕاهێنانی یەکەم، لاپەڕەی 76، ئەمانەی خوارەوە لەگەڵ هاوەڵناوی نیشانە لە ڕستەدا بەکاربهێنە:**

1-منداڵ (هەژار) ئەم منداڵە هەژارە. 2- دۆ (شیرین) ئەم دۆیە زۆر شیرینە.

| ژ | نموونەی ناو | ڕستە | | |
|---|---|---|---|---|
| 1 | دەرگا (پان) | ئەم دەرگایە پانە. | درەخت (بەرز) | ئەم درەختە بەرزە. |
| 2 | پەنیر (بەتام) | ئەو پەنیرە بەتامە. | بەڕوو (شیرین) | ئەو بەڕووە شیرینە. |
| 3 | ئاو (سارد) | ئەم ئاوە ساردە. | پیاو (ئازا) | ئەم پیاوە ئازایە. |
| 4 | دەریا (قوڵ) | ئەو دەریایە قوڵە. | کەو (گەردن بەخاڵ) | ئەو کەوە گەردن بە خاڵە. |
| 5 | ئاگر (خۆش) | ئەو ئاگرە خۆشە. | | |

**ڕاهێنانی دووەم، لاپەڕەی 76، لەم ڕستانەی خوارەوەدا، هاوەڵناوی نیشانە دەربهێنە:**

| ژ | ڕستە | هاوەڵناوی نیشانە |
|---|---|---|
| 1 | ئەو گۆڤارانە بهێنە. | ئەو .............. ە |
| 2 | ڤێ دەفتەرێ بکرە. | ڤێ .............. ێ |
| 3 | ئەم نەمامەم چاند. | ئەم ............. ە |
| 4 | وی هەڤالی فراڤین خار. | وی .............. ی |

**ڕاهێنانی سێیەم، لاپەڕەی 76، ئەم هاوەڵناوە نیشانانە لە ڕستەدا بەکار بهێنە:**

| ژ | هاوەڵناوی نیشانە | ڕستە |
|---|---|---|
| 1 | وان ............. ان | وان جوتیاران زەڤیێن خۆ کێلان. |
| 2 | ئەڤان ........... ان | ئەڤان مرۆڤان نان خار. |
| 3 | وێ ............. ێ | وێ گوتنێ دلێ مە خۆشکر. |
| 4 | ئەم ............. ە | ئەم گوڵە جوانە. |
| 5 | ئەو ............. ە | ئەو کتێبە گەورەیە. |

**ڕاهێنانی چوارەم، لاپەڕەی 77، ئەم ڕستانە شلۆڤە بکە:**

**یەکەم/ ئەم خانووە خۆشە.**

ئەم ... ە: هاوەڵناوی نیشانەیە، بۆ نزیك، دیارخەرە.

خانوو: ناوە، دیارخراوە

ئەم خانووە: گرێی ناوییە، نیهادە.

خۆش: هاوەڵناوی پلەی چەسپاو، تەواوکەری کاری ناتەواو.

ە: کاری ناتەواو، بۆ دەمی ئیستا.

**دووەم/ ئەو وێنانە ڕەنگ دەکەم.**

ئەو ... ە: هاوەڵناوی نیشانەیە بۆ دوور، دیارخەرە.

وێنانە: ناوە، کۆیە، دیارخراوە

ئەو وێنانە: گرێی ناوییە، بەرکار

ڕەنگدەکەم: کاری ڕانەبردوو لێکدراو، تێپەڕ

م: جێناوی لکاو بۆ کەسی سێیەمی تاك، بکەرە.

**سێیەم/ وێ کابانێ مالەکا مەزن برێڤەبر.**

وێ ..ێ: هاوەڵناوی نیشانەیە دیارخەرە، تاکی مێی دوور

کابان: ناوە، دیارخراوە

وێ کابانێ: گرێی ناوییە، بکەر

مالەك: ناوە، نەناسراوە، دیارخراوە

ا: ئامرازی خستنەسەر

مەزن: هاوەڵناوە دیارخەری ناوە.

مالەکا مەزن: گرێی ناوییە بەرکارە.

برێڤەبر: کاری ڕابردووی تێپەڕ.

هەواڵنامەی کتێب

# جێناوی نیشانە

**جێناوی نیشانە:** وشەیەکە جێی ناوێك دەگرێتەوە و لەبری بەکاردێت و دەستنیشانی دەکات، لە ڕستەکەدا هەمان ئەرکی ڕێزمانی ناوەکەی هەیە.

**جێناوی نیشانە لە شێوەزاری کرمانجی خوارووددا:**

| ژ | | نزيك | دوور |
|---|---|---|---|
| 1 | تاك | ئەمە | ئەوە |
| 2 | كۆ | ئەمانە | ئەوانە |

**جێناوی نیشانە لە شێوەزاری کرمانجی ژووروودا:**

| ژ | | نزيك | دوور |
|---|---|---|---|
| 1 | تاك | ڤی بۆ (نێر)<br>ڤێ بۆ (مێ)<br>ئەڤە — | وی بۆ (نێر)<br>وێ بۆ (مێ) |
| 2 | كۆ | ئەڤان بۆ (نێر و مێ) | وان بۆ (نێر و مێ) |

**نموونە:**

| ژ | ڕستە | |
|---|---|---|
| 1 | ئەمە بنووسە. | ئەوە زیرەکە. |
| 2 | ئەمانە چالاکانە کاردەکەن. | ئەوانە دەناسم. |
| 3 | ئەڤە هەڤاڵێ منە. | |
| 4 | ڤی نان خارییە. | ڤێ نان خارییە. |
| 5 | وی چیرۆك نڤیسییە. | وێ چیرۆك نڤیسییە. |
| 6 | ئەڤان (ڤان) ڕەشبەلەك گرێدا. | وان بترسینە داکو بەس کارێ خراپ بکەن. |

**ڕاهێنانی یەکەم، لاپەڕەی 80، لەم ڕستانەی خوارەوە جێناوە نیشانەکان دەربهێنە:**

| ژ | ڕستە | جێناوی نیشانە |
|---|---|---|
| 1 | ئەوە یان هەڵبژاردووە. | ئەوە |
| 2 | ئەمەم بۆ بهێنە. | ئەمە |
| 3 | ئەڤە سەیدایێ منە. | ئەڤە |
| 4 | ئەوانە زیرەکن. | ئەوانە |
| 5 | ڤی نڤیسییە. | ڤی |
| 6 | ڤان زەڤیێن خۆ کێلان. | ڤان |

**ڕاهێنانی دووەم، لاپەڕەی 81، وەڵامی ڕاست هەڵبژێرە:**

| ژ | ڕستە | هەڵبژاردن |
| --- | --- | --- |
| 1 | ئەم زەوییە بە پیتە. | جێناوی نیشانە، **هاوەڵناوی نیشانە**، جێناوی کەسی سەربەخۆ |
| 2 | ئەوە شاخی قەندیلە. | **جێناوی نیشانە**، هاوەڵناوی نیشانە، جێناوی کەسی سەربەخۆ |
| 3 | ئەو بەرگری لە خاکەکەی دەکات. | جێناوی نیشانە، هاوەڵناوی نیشانە، **جێناوی کەسی سەربەخۆ** |
| 4 | ئەمانە نەوەی دواڕۆژن. | هاوەڵناوی نیشانە، جێناوی کەسی لکاو، **جێناوی نیشانە** |
| 5 | ئەڤ خورتە چەلەنگە. | جێناوی نیشانە، **هاوەڵناوی نیشانە**، جێناوی کەسی لکاو |

**ڕاهێنانی سێیەم، لاپەڕەی 81، شەش ڕستە بهێنەرەوە، کە جێناوی نیشانەی تێدابێت، سیانیان بۆ نزیك، سیانیان بۆ دوور:**

| ژ | ڕستە جێناوی نیشانە بۆ (نزیك) | ڕستە جێناوی نیشانە بۆ (دوور) |
| --- | --- | --- |
| 1 | ئەمە بخوێنەرەوە. | ئەوە بخوێنەرەوە. |
| 2 | ئەمانە بنووسە. | ئەوانە بنووسە. |
| 3 | ڤی نان خارییە. | وێ چیرۆك نڤیسییە. |

هەواڵنامەی کتێب

**ڕاهێنانی چوارەم، لاپەڕەی 82، ئەم ڕستانەی خوارەوە شلۆڤە بکە:**

**یەکەم/ ئەمە بۆ قوتابخانە هاتبوو.**

ئەمە: جێناوی نیشانەیە، بۆ نزیکی تاك، بکەرە.

بۆ: ئامرازی پەیوەندی

قوتابخانە: ناوە، تاکە، ناسراو

بۆ قوتابخانە: تەواوکەری بەیاریدەی کاری تەواوە.

هاتبوو: کاری ڕابردووی دوورە، تێنەپەڕە.

**دووەم/ ڤی گەنم چاندییە.**

ڤی: جێناوی نیشانەیە، بۆ بۆ نزیکی تاکی نێر، بکەرە.

گەنم: ناوە، تاکە، ناسراوە، بەرکارە.

چاندییە: کاری ڕابردووی تەواوی، تێپەڕ،

ە: کاری ناتەواوە بۆ دەمی ئێستا، دەرنەکەوتووە.

**چوارەم/ ئەڤە تالە، ئەڤانە شرینن.**

ئەڤە: جێناوی نیشانەیە، بۆ تاکی نزیك، نیهادە.

تاڵ: هاوەڵناوی چۆنێتییە، تەواوکەر کاری ناتەواوە.

ە: کاری ناتەواوە بۆ دەمی ئێستا.

ئەڤانە: جێناوی نیشانەیە، بۆ کۆی نزك نێر و مێ بەکاردێت، نیهادە.

شرین: هاوەڵناوی چۆنێتییە، تەواوکەری کاری ناتەواوە.

ن: جێناوی لکاوە دەگەڕێتەوە بۆ نیهاد.

# جیاوازی نێوان جێناوی نیشانە و هاوەڵناوی نیشانە

| ژ | ڕستە (هاوەڵناوی نیشانە) | ڕستە (جێناوی نیشانە) |
|---|---|---|
| 1 | ئەم قوتابییە هۆنراوەكەی ئەز بەركردووە. | ئەمە كتێبەكەی هێنا. |
| 2 | ئەڤ ڕەزە یێ مەیە. | ئەوانە كارەكەیان تەواوكرد. |
| 3 | ئەو نەمامانە بچێنە. | ئەڤە بوو شەڤێ دی هاتە مالا وە. |
| 4 | ڤێ زەڤیێ بەرهەمەك باش هەیە. | ڤی گول چاندییە. |
| 5 | ئەڤان گولان بچینە. | ڤێ كراسەك كرییە. |
| 6 | وی ڕەزڤانی ڕەزێ خۆ فرۆت. | ئەڤان پارە وەرگرت. |
| 7 | ڤێ قوتابیێ وانە باش خاند. | وان فراڤین خواردبوو. |

**جیاوازی نێوان ( هاوەڵناوی نیشانە ) و ( جێناوی نیشانە ):**

| ژ | هاوەڵناوی نیشانە | جێناوی نیشانە |
|---|---|---|
| 1 | لە دوو كەرت پێكدێت، ناوێك دەكەوێتە نێوانیان. | لە یەك كەرت پێكدێت و جێی ناو دەگرێتەوە. |
| 2 | ناوە دەستنیشانكراوەكە دەبێتە دیارخراو و هاوەڵناوی نیشانەكەش دەبێتە دیارخەر، گرێی ناوی درووستدەكەن. | جێناوە نیشانەكە دەچێتە شوێنی ناوەكە و ئەركی ناوەكە وەردەگرێت. |
| 3 | ئەم ...... ە، ئەو ......... ە، ڤی...ی، ڤێ....ێ<br>وی...ی، وێ ... ێ، ڤان....ان، وان....ان، ئەڤ.....ە | ئەمە ، ئەمانە ئەوە، ئەوانە |

**ڕاهێنانی یەكەم، لاپەڕەی 85، لەم ڕستانەدا، جێناوی نیشانە و هاوەڵناوی نیشانە دیاربكە:**

| ژ | ڕستە | جۆر |
|---|---|---|
| 1 | ئەڤە وارێ مەیە. | جێناوی نیشانە |
| 2 | ئەم كتێبەم خوێندووەتەوە. | هاوەڵناوی نیشانە |
| 3 | ئەوانە میوانەكانن. | جێناوی نیشانە |
| 4 | ڤی خەباتكەری خەلات بكە. | هاوەڵناوی نیشانە |
| 5 | كولیكێن ناڤ وان ڕەزان، جانن. | هاوەڵناوی نیشانە |
| 6 | كەی ئەمە تەواو دەكرێت. | جێناوی نیشانە |
| 7 | ڤان شڤانان پەزێ خۆ ئاڤدا. | هاوەڵناوی نیشانە |
| 8 | ڤێ زەڤی فرۆتییە. | جێناوی نیشانە |

**ڕاهێنانی دووەم، لاپەڕەی 85، ئەم وشانە لە ڕستەدا بەکاربهێنە، بەمەرجێك جارێك هاوەڵناوی نیشانە بێت و جارێك جێناوی نیشانە بێت:**

| ژ | وشە | ڕستە (هاوەڵناوی نیشانە) | ڕستە (جێناوی نیشانە) |
|---|---|---|---|
| 1 | وی | وی جامێری هاریکاریا مە کر. | وی چیرۆك نفیسییە. |
| 2 | وان | وان جوتیاران زەڤیێن خۆ کێلان. | وان بترسینە داکو بەس کارێ خراپ بکەن. |
| 3 | ڤان | ڤان مرۆڤان نان خار. | ڤان ڕەشبەلەك گرێدا. |
| 4 | وێ | وێ گوتنێ دلێ مە خۆشکر. | وێ چیرۆك نفیسییە. |
| 5 | ڤێ | ڤێ خورتێ سەرێ مە بلندکر. | ڤێ نان خارییە. |

**ڕاهێنانی چوارەم، لاپەڕەی 86، ئەم ڕستانەی خوارەوە شلۆڤە بکە:**

**یەکەم/ وێ پەرتوکێ بکرە.**

**وێ .. ێ:** هاوەڵناوی نیشانە، بۆ تاکی مێی دوور، دیارخەرە.

**پەرتووك:** ناوە، تاکە، دیارخراوە.

**وێ پەرتووکێ:** گرێی ناوییە، بەرکارە.

**بکرە:** کاری داخوازییە، تێپەڕە.

**ە:** جێناوی لکاوە بۆ کەسی دووەمی تاك، بکەرە.

**سێیەم/ ئەڤان چیرۆکنڤیسان چیرۆك نڤیسی.**

**ئەڤان .. ان :** هاوەڵناوی نیشانەیە، بۆ کۆی نزیك، دیارخەر.

**چیرۆکنڤیس:** ناوێکی لێکدراوە، دیارخراوە.

**ئەڤان چیرۆکنڤیسان:** گرێی ناوییە بکەرە.

**چیرۆك:** ناوە، تاکە، بەرکارە.

**نڤیسی:** کاری ڕابردووی تێپەڕە.

**دووەم/ ئەوە کاغەزەکەی هێنا.**

**ئەوە:** جێناوی نیشانەیە، بۆ تاکی دوور، بەکاردێت، بکەرە.

**کاغەزەکە:** ناوە، تاکە، ناسراوە، بەرکارە.

**ی:** جێناوی لکاوە بۆ کەسی سێیەمی تاك، دەگەڕێتەوە بۆ بکەر.

**هێنا:** کاری ڕابردووی تێپەڕە.

**چوارەم/ ئەوانە بۆ من دابنێ.**

**ئەوانە :** جێناوی نیشانە، بۆ کۆی دوور، بەرکارە

**بۆ:** ئامرازی پەیوەندی.

**من:** جێناوی کەسی سەربەخۆ، بۆ کەسی یەکەمی تاك

**بۆ من:** تەواوکەری بەیاریدەی کاری تەواو.

**دابنێ:** کاری داخوازی، تێپەڕە.

**ە:** جێناوی لکاو بۆ کەسی دووەمی تاك بکەرە، دەرنەکەوتووە

هەواڵنامەی کتێب

# هـــــاوەڵکـــــار

**هاوەڵکار:** وشەیەکە ڕوویەکی ڕوودانی کاری ڕستە دەربارەی (چۆنێتی، کاتی، شوێنی) کاری ڕستەکە دەردەخات و لەم ڕووەوە سنورێك بۆ تەواوکردنی واتاکەی دادەنێت و دەبێتە تەواوکەری کارەکە لە ڕستەدا.

**یەکەم/ هاوەڵکاری کاتی:** وشەیەك یان چەند وشەیەکە، کاتی ڕوودانی کاری ڕستەکە دەردەخات و دەبێتە تەواوکەری کارەکە.

هاوەڵکاری کاتی: (دوێنێ، پێری، ڕۆژی هەینی، مانگی گوڵان، نهۆ (ئێستا)، لەمەوپێش، پارشێو، ئێوارە، ئەمساڵ).

| ژ | ڕستە (هاوەڵکاری کاتی) |
|---|---|
| 1 | دوهێ جوتیاری گەنم جەنجەڕکرد. |
| 2 | ئەمرۆ گەلانی جیهان بۆ ئاشتی تێدەکۆشین. |
| 3 | ساڵەکا دی پەیمان دێ چیتە زانکۆ. |
| 4 | ئەوان ئێستا نانەکەیان دەخۆن. |
| 5 | بە زستان پینەو پەرۆ، بە هاویناں ورد ورد برۆ. |

**دووەم/ هاوەڵکاری شوێنی:** وشەیەك یان چەند وشەیەکە، شوێنی ڕوودانی کاری ڕستەکە دەردەخات و دەبێتە تەواوکەری کارەکە.

هاوەڵکاری شوێنی: (خوار، تەنشت، لەژێر، بەردەم، ڕاست، چەپ .......).

| ژ | ڕستە (هاوەڵکاری شوێنی) |
|---|---|
| 1 | منداڵەکە لەسەربان نووست. |
| 2 | مەلەڤان دناڤ ئاڤێدا بوو. |
| 3 | پشیلەکە لە قوژبنی ژوورەکەدا هەڵتوتابوو. |
| 4 | قوتابییەکە لە بن دارێ دخوێنێت. |
| 5 | ئاکام لە تەنیشت منەوە وەستابوو. |

**سێیەم/ هاوەڵکاری چۆنێتی:** وشەیەك یان چەند وشەیەکە، چۆنێتی ڕوودانی کاری ڕستەکە دەردەخات و دەبێتە تەواوکەری کارەکە.

هاوەڵکاری چۆنێتی: (خێرا، هێدی، بەگوڕ، توند، لەسەرخۆ، بەژیری، بەچاکی، بەپەلە، بەنازداری، بەهێمنی، ب ساردی، ب خۆشی....)

| ژ | ڕستە (هاوەڵکاری چۆنییەتی) |
|---|---|
| 1 | پیاوەکە دەرگاکەی توند پێوەدا. |
| 2 | ڕووداوەکەی لەسەرخۆ گێڕایەوە. |
| 3 | نازدار بلەز چوو قوتابخانێ. |
| 4 | مامۆستا بە پێکەنینەوە هاتە ژوور. |
| 5 | فراڤینێ ب گەرمی بخۆ. |
| 6 | ڕۆژنامەکەی بە خۆڕایی هێناوە. |

**ڕاهێنانی یەکەم، لاپەڕەی 92، لەم ڕستانەی خوارەوە هاوەڵکاری (کاتی، شوێنی، چۆنییەتی) دەربێنە:**

| ژ | ڕستە | جۆری هاوەڵکار |
|---|---|---|
| 1 | لە مێژە گەلی کورد دژی داگیرکەر وەستاوە. | کاتی |
| 2 | خونافۆ ب سەرفرازی ژ ئەزمونێ دەربازبوو. | چۆنییەتی |
| 3 | کتێبەکەم لەناو جانتاکەدا دانا. | شوێنی |
| 4 | بە هاوین زوربەی خەڵك ل سەربان دنڤن. | کاتی، شوێنی |
| 5 | ئەڤرۆ دڤێت کوردستان ژ هەموو لایاڤە پێش بکەڤت. | کاتی |
| 6 | ڕۆژانی هەینی دەچن بۆ سەیران. | کاتی |
| 7 | کچەکەیان بە هێمنی کارەکانی ڕادەپەڕێنێت. | چۆنێتی |
| 8 | باران بە خوڕ دەبارێت. | چۆنێتی |
| 9 | دوێنێ هاتم بۆ لات، لە ماڵ نەبوویت. | کاتی |
| 10 | ئوتومبیلەکە بە گوڕ بە لامدا تێپەڕی. | چۆنێتیی |

**ڕاهێنانی دووەم، لاپەڕەی 92، ئەم هاوەڵکارانە چ جۆرێکن، لە ڕستەدا بەکاریان بهێنە:**

| ژ | هاوەڵکار | جۆر | ڕستە |
|---|---|---|---|
| 1 | لەناو باخەکەدا | شوێنی | منداڵەکە لەناو باخەکەدا یاری دەکات. |
| 2 | پار | کاتی | پار لە پۆلی شەشەی بنەڕەتی بووم. |
| 3 | بەجوانی | چۆنێتی | وانەکە بەجوانی بنووسە. |
| 4 | هەفتەی داهاتوو | کاتی | هەفتەی داهاتوو دێم بۆ لات. |
| 5 | باش | چۆنێتی | نان باش بخۆ. |
| 6 | بەربانگ | کاتی | پێش بەربانگ دێمەوە بۆ ماڵەوە. |
| 7 | پیاوانە | چۆنێتی | جوتیارەکە پیاوانە کاردەکات. |
| 8 | لەژێر درەختەکە | شوێنی | مەڕەکە لە ژێر درەختەکە دەلەوەڕێ. |

**ڕاهێنانی سێیەم، لاپەڕەی 93، وەڵامی ڕاست هەڵبژێرە:**

| ژ | ڕستە | هەڵبژاردن | | |
|---|---|---|---|---|
| 1 | بە دڵ و بەگیان کوردستان دەپارێزن. | کات | شوێن | چۆنێتی |
| 2 | گوندەکە لەسەر گردەکە بوو. | کات | شوێن | چۆنێتی |
| 3 | بەیانی زوو کەڵەشێرەکە دەیخوێند. | کات | شوێن | چۆنێتی |
| 4 | لەمەودوا کاری خراپ ناکەن. | کات | شوێن | چۆنێتی |
| 5 | بەجوانی وەڵام بدەرەوە. | کات | شوێن | چۆنێتی |
| 6 | کیسەڵەکە لەسەرخۆ دەڕوات. | کات | شوێن | چۆنێتی |

**ڕاهێنانی چوارەم، لاپەڕەی 93، ئەم ڕستانە شلۆڤە بکە :**

**یەکەم/ گەلی کوردستان لە پێنجی ئازاردا شێرانە ڕاپەڕی.**

گەل: ناوە، دیارخراوە.

ی: ئامرازی خستنەسەر.

کوردستان: ناوە، دیارخەر.

گەلی کوردستان: گرێی ناوییە، بکەرە.

لە پێنجی ئازاردا: گرێی هاوەڵکاری کاتیە، تەواوکەری کارە.

شێرانە: هاوەڵکاری چۆنێتییە، تەواوکەری کارە.

ڕاپەڕی: کاری ڕابردووی تێنەپەڕ.

**دووەم/ دوێنێ چووم بۆ ماڵی هاوڕێکەم.**

دوێنێ: هاوەڵکاری کاتی، تەواوکەری ڕاستەوخۆی کار.

چوو: کاری ڕابردووی، تێنەپەڕ، سادە.

م: جێناوی لکاو بۆ کەسی یەکەمی تاك، بکەر.

بۆ: ئامرازی پەیوەندی.

ماڵ: ناوە، دیارخراوە.    ی: خستنەسەرە.

هاوڕێکە: ناوە، دیارخراو.

م: جێناوی لکاوە بۆ کەسی یەکەمی تاك، دیارخەرە.

بۆ ماڵی هاوڕێکەم: تەواوکەری بەیاریدەی کاری تەواو.

هەواڵنامەی کتێب

# گرێی نـــــاوی

**گرێی ناوی:** کۆمەڵێك پەیڤە، بەسەریەکەوە پەیوەندییەکی بەهێزیان لەگەڵ یەکتردا هەیە، هەموو ئەرکەکانی ناو دەبینێت.

| ژ | ڕستە | ئەرك | یاسا |
|---|---|---|---|
| 1 | چرای ژوورەکە داگیرسا. | بکەر | پێویستە کاری ڕستە (تەواو) بێت. |
| 2 | چرای ژوورەکە ڕووناکە. | نیهاد | پێویستە کاری ڕستە (ناتەواو) بێت. |
| 3 | چرای ژوورەکەم داگیرساند. | بەرکار | پێویستە کاری ڕستە (تەواوی تێپەڕ) بێت |
| 4 | ڕووناکی لە چرای ژوورەکە دێت.<br>ڕووناکییەکە لە چرای ژوورەکەوە بوو | تەواوکەری بەیاریدەی کاری تەواو<br>تەواوکەری بەیاریدەی کاری ناتەواو | بە، بۆ، لە + گرێی ناوی + کاری تەواو<br>بە، بۆ، لە + گرێی ناوی + کاری ناتەواو |
| 5 | ئەوە چرای ژوورەکە یە. | تەواوکەری کاری ناتەواو. | گرێی ناوی + کاری ناتەواو (بوو، ە، بێت |
| 6 | تیشکی چرای ژوورەکە ڕووناکە. | دیارخەری ناو. | ناو + خستنەسەر + گرێی ناوی |
| 7 | چرای ژوورەکە کزکرا. | جێگری بکەر | گرێی ناوی + کاری بکەرنادیار (را، رێ) |

**چۆنێتی دروستکردنی (گرێی ناوی)، لە شێوەزاری کرمانجی خواروو دا:**

**یەکەم/ A -ناوی نەناسراو (دیارخراو) + (ی) ئامرازی خستنەسەر + ناو (دیارخەر) = گرێی ناوی**

| ژ | ناوی نەناسراو | ئامرازی خستنەسەر | ناو | گرێی ناوی |
|---|---|---|---|---|
| 1 | شار | ی | هەولێر | شاری هەولێر |
| 2 | گوڵ | ی | باخەکە | گوڵی باخەکە |
| 3 | درەخت | ی | دارستانەکە | درەختی دارستانەکە. |

**دروستکردنی (گرێی ناوی)، لە شێوەزاری کرمانجی ژووروو:**

**B - ناوی نەناسراو (دیارخراو) + (ا ێ) ئامرازی خستنەسەر + ناو (دیارخەر) = گرێی ناوی**

| ژ | ناوی نەناسراو | ئامرازی خستنەسەر | ناو | گرێی ناوی |
|---|---|---|---|---|
| 1 | گۆپاڵ | ێ (بۆ تاکی نێر) | گاڤانێ | گۆپاڵێ گاڤانێ. |
| 2 | کچ | ا (بۆ تاکی مێ) | پزمام | کچا پزمام |

**دووەم/ ناوی نەناسراو (دیارخراو) + (ی) ئامرازی خستنەسەر + جێناوی کەسی (دیارخەر) = گرێی ناوی**

| ژ | ناوی نەناسراو | ئامرازی خستنەسەر | جێناوی کەسی | گرێی ناوی |
|---|---|---|---|---|
| 1 | برا | ی | تۆ | برای تۆ |
| 2 | کتێب | ی | ئەوان | کتێبی ئەوان |
| 3 | خانوو | ی | ئێمە | خانووی ئێمە |

هەولێر کتێب

**سێیەم/ A – ناوی نەناسراو (دیارخراو) + (ی) ئامرازی خستنەسەر + هاوەڵناو (دیارخەر) = گرێی ناوی**

| ژ | ناوی نەناسراو | ئامرازی خستنەسەر | هاوەڵناو | گرێی ناوی |
|---|---|---|---|---|
| 1 | هەنار | ی | ترش | هەناری ترش |
| 2 | سێو | ی | سوور | سێوی سوور |
| 3 | گۆڤار | ی | نوێ | گۆڤاری نوێ |

**B– ناوی ناسراو (دیارخراو) + (ە) ئامرازی خستنەسەر + هاوەڵناو (دیارخەر) + ەکە ، ان= گرێی ناوی**

| ژ | ناوی ناسراو | ئامرازی خستنەسەر | هاوەڵناو + ەکە، ان | گرێی ناوی |
|---|---|---|---|---|
| 1 | قوتابی | ە | زیرەکەکان | قوتابییە زیرەکەکان |
| 2 | قەڵەم | ە | شینەکە | قەڵەمە شینەکە |
| 3 | دەفتەر | ە | گەورەکان | دەفتەرە گەورەکان |

**ڕاهێنانی یەکەم، لاپەڕەی 96، لەم پارچەیەدا، گرێ ناوییەکان دەربهێنە:**

((شەوی زستان ناخۆشترین کات بوو، لەلای ئەم دایکە هەژارە، خۆی و منداڵێکی ساوا، لە ئامێزی تەنیایی شەوگاردا، سەرگەردان تا بەرەبەیان، ئەگەر بۆ ساتێکی کەمیش چاوی بچوایەتە خەو، خەونی بە گوندە ڕووخاوەکەیان و چیابڵندەکان و بەفری کوێستان و گوڵەژاڵەکەوە دەبینی.

**ڕاهێنانی دووەم، لاپەڕەی 97، لەم ڕستانەدا ئەرکی گرێکان بنووسە:**

| ژ | ڕستە | ئەرکی گرێ |
|---|---|---|
| 1 | قوتابی زیرەك خۆشەویستە. | نیهاد |
| 2 | تەختەی ڕەش دەستمان پیس دەکات. | بکەر |
| 3 | ئەوان خانووە خۆشەکەیان فرۆشت. | بەرکار |
| 4 | ترێ وشکەکە فرۆشرا. | جێگری بکەر |
| 5 | دەنگی کەوی کوێستان خۆشە. | دیارخەری ناو |

**ڕاهێنانی سێیەم، لاپەڕەی 97، ئەم بۆشاییانە بە گرێی ناوی پڕبکەرەوە:**

یەکەم/ ژوورە تاریکەکە ترسناکە.

چوارەم/ پیاوە بەهێزەکە لە هیچ سڵ ناکاتەوە.

دووەم/ ئاوە پیسەکەم نەخواردەوە.

پێنجەم/ خوێندکارە زیرەکە بەیەکەم دەرچوو.

سێیەم/ نامەیەکم بە پۆستەبەرەکەدا ڕەوانەکرد.

هەواڵنامەی کتێب

# گرێی هاوەڵناوی

**گرێی هاوەڵناوی:** کۆمەڵە پەیڤێکە بەسەریەکەوە لە ڕستەدا ئەرکی هاوەڵناو دەبینێت، وەسفی ناو یان جێناو دەکات، لە ڕستەدا دەبێتە دیارخەری ناو و جێناو، هەروەها دەبێتە تەواوکەری کاری ناتەواو.

| ژ | ڕستە |
|---|---|
| 1 | شاری زۆر گەورەم بینی. |
| 2 | ئێوەی گەلێك زیرەك سەردەکەون. |
| 3 | تابلۆکە هەندێك جوانە. |
| 4 | کورە زۆر ئازاکە هات. |
| 5 | پردێکی جوان و پتەویان دروستکرد. |

**گرێی هاوەڵناوی بەم شێوەیە دروستدەکرێت:**

**یەکەم/ ناو (دیارخراو)+(ی)خستنەسەر+{هاوەڵناوی نادیار+هاوەڵناوی چۆنێتی (دیارخەر)}=گرێی ناوی**

**گرێی هاوەڵناوی**

| ژ | ناو، جێناو (دیارخراو) | خستنەسەر | گرێی هاوەڵناوی (دیارخەر) | | گرێی ناوی |
|---|---|---|---|---|---|
| | | | هاوەڵناوی نادیار | هاوەڵناوی چۆنێتی | |
| 1 | شار (ناو) | ی | زۆر | گەورە | شاری زۆر گەورە |
| 2 | ئێوە (جێناو) | ی | گەلێك | زیرەك | ئێوەی گەلێك زیرەك |

**دووەم/ ناو (دیارخراو)+(ی) خستنەسەر+{هاوەڵناوی چۆنێتی + ئامرازی لێکدەر+ هاوەڵناوی چۆنێتی (دیارخەر)} = گرێی ناوی**

**گرێی هاوەڵناوی**

| ژ | ناو (دیارخراو) | خستنەسەر | گرێی هاوەڵناوی (دیارخەر) | | | گرێی ناوی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | هاوەڵناوی چۆنێتی | ئامراز | هاوەڵناوی چۆنێتی | |
| 1 | پردێك | ی | جوان | و | پتەو | پردێکی جوان و پتەو |
| 2 | دیوارێك | ی | بەرز | و | بڵند | دیوارێکی بەرز و بڵند |

هەواڵنامەی زێڕین

**ڕاهێنانی یەکەم، لاپەڕەی 100، ئەم بۆشاییانەی خوارەوە بە گرێی هاوەڵناوی پڕبکەرەوە:**

**یەکەم/** مرۆڤی زۆر زیرەك بە ئاوات دەگات.

**دووەم/** لەگەڵ هاوڕێی ئازا و تێکۆشەر هەڵسوکەوت بکە.

**سێیەم/** خاتوومیتران بە دۆستێکی زۆر دڵسۆزی کورد دادەنرێت.

**چوارەم/** میوەی پاك و خاوێن بخۆ.

**ڕاهێنانی دووەم، لاپەڕەی 101، ئەم بۆشاییانە بە گرێیەکی گونجاو پڕبکەرەوە و جۆرەکەشی بنووسە:**

| ژ | ڕستە | جۆری گرێ |
|---|---|---|
| 1 | سێوە ڕزیووەکە ناخۆشە. | گرێی ناویی |
| 2 | کوڕە ئازا و زیرەکەکە ئامۆزامە. | گرێی هاوەڵناوی |
| 3 | دیوانی نالی دەکڕم. | گرێی ناویی |
| 4 | کاغەز لە تویکڵی دار دروستدەکرێت. | گرێی ناویی |
| 5 | دەبێت قوتابی پاك و خاوێنت خۆش بوێت. | گرێی هاوەڵناوی |
| 6 | چیرۆکی باشم نووسی. | گرێی ناویی |

**ڕاهێنانی سێیەم، لاپەڕەی 101، بۆ هەر گرێیەك (ناوی، هاوەڵناوی، هاوەڵکاری) دوو ڕستە درووستبکە:**

| ژ | جۆری گرێ | ڕستە | |
|---|---|---|---|
| 1 | گرێی ناوی | سێوە سوورەکە خۆشە. | کراسە ڕەشەکەم ئوتوکرد. |
| 2 | گریی هاوەڵناوی | کچە قژ درێژەکەم بینی. | ژنە باڵا بەرزەکەم ناسی. |
| 3 | گرێی هاوەڵکاری | یارییەکەم زۆر خێرا تەواوکرد. | وانەکەم زۆر هێواش خوێندەوە. |

**ڕاهێنانی چوارەم، لاپەڕەی 101، چۆن گرێی ناوی و گرێی هاوەڵناوی لەیەك جیادەکرێتەوە، بە نموونە ڕوونی بکەرەوە:**

| ژ | گرێی ناوی | گرێی هاوەڵناوی |
|---|---|---|
| 1 | کۆمەڵێك پەیڤە، بەسەریەکەوە پەیوەندییەکی بەهێزیان لەگەڵ یەکتردا هەیە، هەموو ئەرکەکانی ناو دەبینێت. | کۆمەڵە پەیڤێکە بەسەریەکەوە لە ڕستەدا ئەرکی هاوەڵناو دەبینێت، وەسفی ناو یان جێناو دەکات، لە ڕستەدا دەبێتە دیارخەری ناو و جێناو. |
| 2 | (ناو + ی + ناو) یان (ناو + ی + هاوەڵناو) | ناو + ی + هاوەڵناو + هاوەڵناو |
| 3 | ئاو ی کانی    کراس ی سپی | کوڕ ی پاك و خاوێن |
| 4 | ناو + ی + جێناوی کەسی سەربەخۆ | کوڕی تۆ |
| 5 | جێناوی کەسی سەربەخۆ + ی + ناو | ئێوەی برامان |
| 6 | جێناوی کەسی سەربەخۆ + ی + هاوەڵناو | تۆی زیرەك |

**ڕاهێنانی پێنجەم، لاپەڕەی 102، لەم گرێیانەدا، جۆری گرێکان دیاری بکە و بیا نخە ڕستەوە:**

| ژ | گرێ | جۆری گرێ | ڕستە |
|---|---|---|---|
| 1 | زۆر خۆش | گرێی هاوەڵناوی | لە ئاهەنگەکەدا گۆرانی زۆر خۆش وترا. |
| 2 | دوێنێ شەو | گرێی هاوەڵکاری | دوێنێ شەو چووم بۆ پارکی ئازادی. |
| 3 | درەختی چیاکە | گرێی ناوی | گەڵای درەختی چیاکە نەوەریوە. |
| 4 | داری سێو | گرێی ناوی | داری سێو سێبەری ناخۆشە. |
| 5 | هەفتەی داهاتوو | گرێی هاوەڵکاری | هەفتەی داهاتوو دەچین بۆ گەشت. |

**ڕاهێنانی شەشەم، لاپەڕەی 102، جیاوازی نێوان ئەمانەی خوارەوە ئاشکرابکە:**

| ژ | ڕستە | جیاوازی | |
|---|---|---|---|
| | | ئەرك | گرێ |
| 1 | تەختە ڕەشەکە سڕییەوە. | بەرکار | گرێی ناویی |
| 2 | تەختەڕەش دەستمان پیس دەکات. | بکەر | ناوی لێکدراو |
| 3 | مندالەکە زیرەکە. | مندالٌ: نیهادە، زیرەك: تەواوکەری کاری ناتەواو | __________ |
| 4 | مندالە زیرەکەکە چاودێری پۆلە. | نیهاد | گرێی ناویی |
| 5 | هەرمی لاسوورە | __________ | ناوی لێکدراو |
| 6 | هەرمێی لاسوور | __________ | گرێی ناوی |

هەواڵنامەی کتێب

**ڕاهێنانی حەوتەم، لاپەڕەی 102، ئەم ڕستانەی خوارەوە شلۆڤەبکە:**

**یەکەم/ کرێکاران دوێنێ ئێوارە لە کارگەی مافور گەڕانەوە.**

**کرێکاران:** ناوە، کۆیە، نەناسراوە، بکەرە.

**دوێنێ ئێوارە:** گرێی هاوەڵکاریی شوێنییە.

**لە:** ئامرازی پەیوەندی.

**کارگە:** ناوە، تاکە، دیارخراوە.

**ی:** ئامرازی خستنەسەرە.

**مافور:** ناوە، دیارخەرە

**لە کارگەی مافور:** گرێی ناوییە، تەواوکەری بەیاریدەی کاری تەواو.

**گەڕانەوە:** کاری ڕابردووی تێنەپەڕە.

**دووەم/ کچا گەلەك ژێر خارن ئامادەکر.**

**کچ:** ناوە، تاکە، دیارخراوە.

**ا:** ئامرازی خستنەسەر بۆ مێی تاك.

**گەلەك ژێر:** گرێی هاوەڵناوییە، دیارخەرە

**کچا گەلەك ژێر:** گرێی ناوییە، بکەرە.

**خارن:** ناوە، تاکە، نەناسراوە، بەرکارە.

**ئامادەکر:** کاری ڕابردوو، لێکدراو، تێپەڕ.

# گرێی هاوەڵکاری

**گرێی هاوەڵکاری:** کۆمەڵێك پەیڤی بەسەریەکەوەن، بە تەنیا واتای تەواو نابەخشن، لە ڕستەدا لە ڕووی کاتی و شوێنی و چۆنێتییەوە، وەسفی ڕوودانی کاری ڕستەکە دەکەن و دەبنە تەواوکەری کار.

| ژ | ڕستە | جۆری گرێی هاوەڵکاری |
|---|---|---|
| 1 | ڕۆژی هەینی دەگەڕێینەوە. | گرێی هاوەڵکاری کاتی |
| 2 | لە نزیك قەڵا کاوەم بینی. | گرێی هاوەڵکاری شوێنی |
| 3 | یاریزانەکە زۆر خێرا هات. | گرێی هاوەڵکاری چۆنێتی |

**گرێی هاوەڵکاری کاتی:** ئەو گرێیەیە، کە کاتی ڕوودانی کارەکە دیاریدەکات، لە دوو ناو پێکدێ بەیارمەتی ئامرازی خستنەسەری (ی).

نموونە: ڕۆژی دووشەممە لە گەشت دەگەڕێمەوە.

**گرێی هاوەڵکاری شوێنی:** ئەو گرێیەیە، کە شوێنی ڕوودانی کارەکە دیاریدەکات، لە هاوەڵکارێك و ناوێك پێکدێت.

نموونە: کتێبەکەم لەناو کتێبخانەکەدا داناوە.

**گرێی هاوەڵکاری چۆنێتی:** ئەو گرێیەیە، کە چۆنێتی ڕوودانی کارەکە دیاریدەکات، لە دوو هاوەڵکار پێکهاتووە.

نموونە: پێڵاوەکانم زۆر خێرا لە پێکرد.

تێبینی/ هەموو هاوەڵکارێك، یان گرێیەکی هاوەڵکاری، لە ڕستەدا دەبێتە تەواوکەری کار.

کتێبخانەی هەواڵنامە

**ڕاهێنانی یەکەم، لاپەڕەی 104، لەم ڕستانەدا گرێی هاوەڵکاری دەربهێنە و جۆرەکەی دیاری بکە :**

| ژ | ڕستە | جۆری گرێی هاوەڵکاری |
|---|---|---|
| 1 | بەیانی زوو سواری ئوتومبیل دەبن. | گرێی هاوەڵکاری کاتی |
| 2 | ئێمە لەناو دۆڵەکە دانیشتین. | گرێی هاوەڵکاری شوێنی |
| 3 | لە مانگی جۆزەردادا تاقیکردنەوە دەستپێدەکات. | گرێی هاوەڵکاری کاتی |
| 4 | بایەکە کەمێك توند هەڵیکرد. | گرێی هاوەڵکاری چۆنێتی |
| 5 | بە کاتژمێر و نیوێك دەگەبنە کەرکوك. | گرێی هاوەڵکاری کاتی |
| 6 | منداڵەکە لەسەر کورسییەکە دانیشتووە. | گرێی هاوەڵکاری شوێنی |

**ڕاهێنانی دووەم، لاپەڕەی 105، ئەم بۆشاییانە بە گرێی هاوەڵکاری پڕبکەرەوە:**

یەکەم/ شەو درەنگ سەفەر مەکە.

دووەم/ دارا لەسەر سیسەمەکە نوستووە.

سێیەم/ ئەو ئەسپەم زۆر هەرزان کڕی.

چوارەم/ سبەینێ بەیانی بەهار دێت.

پێنجەم/ لەسەر زەوی دامەنیشە.

**ڕاهێنانی سێیەم، لاپەڕەی 105، ئەم ڕستانە شلۆڤە بکە :**

**یەکەم/ هەڵۆکە لەسەر بەردەکە نیشتبووەوە.**

هەڵۆکە: ناوە، تاکە، ناسراوە، بکەرە.

لەسەربەردەکە: هاوەڵکاری شوێنییە، تەواوکەری کارە.

نیشتبووەوە: کاری ڕابردووی دووری ڕاگەیاندن، تێنەپەڕ.

**دووەم/ باران گەلێك بە خوڕ دەبارێت.**

باران: ناوە، تاکە، نەناسراوە، بکەرە.

گەلێك بە خوڕ: گرێی هاوەڵکاری چۆنێتیە، تەواوکەری کارە.

دەبارێت: کاری ڕانەبردووی تێنەپەرە

**سێیەم/ هەفتەی پێشوو ڕۆمانەکەمان خوێندەوە.**

هەفتەی پێشوو: گرێی هاوەڵکاری کاتییە، تەواوکەری کارە

ڕۆمانەکە: ناوە، ناسراوە، بەرکارە.

مان: جێناوی لکاوە بۆ کەسی یەکەمی کۆ، بکەرە.

خوێندەوە: کاری ڕابردووی تێپەڕە.

# کـــــاری تێپەڕ و کــــــاری تێنە پەڕ

| ژ | ڕستە (کاری تێپەڕ) | ڕستە (کاری تێنەپەڕ) |
|---|---|---|
| 1 | پێشمەرگە وەڵاتی دپارێزێت. | دلێر نقست. |
| 2 | نەوزاد چیرۆکی نووسی. | کۆترەکە دەفرێت. |

**کاری تێنە پەڕ/** ئەو کارەیە کە بەتەنیا دەتوانێت، واتای ڕستەیەك تەواو بکارت، ئەرکی لە بکەری کارەکە تێناپەڕێتە سەر کەسێك و شتێکی تر.

**پێکهاتەی کاری تێنە پەڕ = بکەر + کار**

| ژ | بکەر | کاری تێنەپەڕ. | ڕستەی کار تێنەپەڕ. |
|---|---|---|---|
| 1 | ئارام | چوو | ئارام چوو. |
| 2 | ئێوە | ڕۆیشتن | ئێوە ڕۆیشتن. |

**کاری تێنە پەڕ دەتوانێت تەواوکەری بەیاریدە وەربگرێت:**

| ژ | بکەر | کاری تێنەپەڕ | تەواوکەری بەیاریدە | ڕستەی کار تێنەپەڕ. |
|---|---|---|---|---|
| 1 | ئارام | چوو | بۆ سەیران | ئارام چوو بۆ سەیران. |
| 2 | ئێوە | ڕۆیشتن | بۆ خوێندنگە. | ئێوە ڕۆیشتن بۆ خوێندنگە. |

**کاری تێنە پەڕ دەتوانێت هاوەڵکار وەربگرێت:**

| ژ | هاوەڵکار | بکەر | کاری تێنەپەڕ | تەواوکەری بەیاریدە | ڕستەی کار تێنەپەڕ. |
|---|---|---|---|---|---|
| 1 | دوێنێ | ئارام | چوو | بۆ سەیران | دوێنێ ئارام چوو بۆ سەیران. |
| 2 | پێری | ئێوە | ڕۆیشتن | بۆ خوێندنگە. | پێری ئێوە ڕۆیشتن بۆ خوێندنگە. |

**کاری تێپەڕ/** ئەو کارەیە کە بەتەنیا لەگەڵ بکەرەکەی ناتوانێت، واتای ڕستەیەك تەواو بکارت، بەڵکو ئەرکەکەی لە بکەری کارەکەوە تێدەپەڕێتە سەر کەسێك یا شتێکی تر، پێیدەوترێت (بەرکار).

**پێکهاتەی کاری تێپەڕ = بکەر + بەرکار + کار**

| ژ | بکەر | بەرکار | کاری تێپەڕ | ڕستەی کار تێپەڕ |
|---|---|---|---|---|
| 1 | پشیلە | شیر | دەخوات | پشیلە شیر دەخوات. |
| 2 | منداڵەکە | پەنجەرەکە | دەشکێنێت | منداڵەکە پەنجەرەکە دەشکێنێت. |

**کاری تێپەڕ دەتوانێت تەواوکەری بەیاریدە وەربگرێت:**

| ژ | بکەر | تەواوکەری بەیاریدە | بەرکار | کاری تێپەڕ | ڕستەی کار تێپەڕ |
|---|---|---|---|---|---|
| 1 | پشیلە | بە زمان | شیر | دەخوات | پشیلە بە زمان شیر دەخوات. |
| 2 | منداڵەکە | بە بەرد | پەنجەرەکە | دەشکێنێت | منداڵەکە بە بەرد پەنجەرەکە دەشکێنێت. |

**کاری تێپەڕ دەتوانێت هاوەڵکار وەربگرێت:**

| ژ | هاوەڵکار | بکەر | تەواوکەری بەیاریدە | بەرکار | کاری تێپەڕ | رستەی کار تێپەڕ |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | بەیانیان | پشیلە | بە زمان | شیر | دەخوات | بەیانیان پشیلە بە زمان شیر دەخوات. |
| 2 | ئێستا | منداڵەکە | بە بەرد | پەنجەرەکە | دەشکێنێت | ئێستا منداڵەکە بە بەرد پەنجەرەکە دەشکێنێت. |

**ڕاهێنانی یەکەم، لاپەڕەی 110، ئەم بۆشاییانەی بەکارێکی تێپەڕ پڕبکەرەوە:**

یەکەم/ سێوەکەم خوارد.

چوارەم/ ئاڤان یا جلکا کڕی.

دووەم/ ئەو پیاوە خانوو درووست دەکات.

پێنجەم/ دارا سێو کڕی.

سێیەم/ تە چەند کەو گرت.

**ڕاهێنانی دووەم، لاپەڕی 110، ئەم بۆ شاییانەی بە کارێکی تێنەپەڕ پڕ بکەرەوە:**

یەکەم/ مللەت بە خاندنێ پێش دکەڤیت.

سێیەم/ کۆترا شێردلی فڕی.

دووەم/ گیار لەسەر بنجی خۆی دەڕوێتەوە.

چوارەم/ لە هەموو هەورێك باران نابارێت.

**ڕاهێنانی سێیەم، لاپەڕەی 110، وەڵامی ڕاست هەڵبژێرە:**

یەکەم/ دەکڕین. ( تێپەڕ ، تێنەپەڕ)

چوارەم/ هەڵدەواسێت. ( تێپەڕ ، تێنەپەڕ)

دووەم/ هات. ( تێپەڕ ، تێنەپەڕ)

پێنجەم/ ڕایکرد. ( تێپەڕ ، تێنەپەڕ)

سێیەم/ تەواودەکەم. ( تێپەڕ ، تێنەپەڕ)

**ڕاهێنانی چوارەم، لاپەڕەی 111، ئەم کارانە لە ڕووی هێزەوە چ جۆرێکن، لە ڕستەدا بەکاریان بهێنە:**

| ژ | کار | ڕستە | کار لە ڕووی هێزەوە |
|---|---|---|---|
| 1 | نووست | منداڵەکە نووست. | تێنەپەڕ |
| 2 | کەفت | زارۆکەکە کەفت. | تێنەپەڕ |
| 3 | دەبارێت | باران دەبارێت. | تێنەپەڕ |
| 4 | بخۆ | نان بخۆ. | تێپەڕ |
| 5 | چاند | ئارام گوڵەکەی چاند. | تێپەڕ |
| 6 | دەنووسین | شاناز نامە دەنووسێت. | تێپەڕ |
| 7 | ڕزی | میوەکە ڕزی. | تێنەپەڕ |
| 8 | هات | ئەو هات. | تێنەپەڕ |

**ڕاهێنانی پێنجەم، لاپەڕەی 111، شیکردنەوە:**

**یەکەم/ خشتەکە شکابوو.**

خشتەکە: ناوە، تاکە، ناسراوە، بکەرە

شکابوو: کاری ڕابردووی دووری تێنەپەڕە.

**دووەم/ شڤانێ پەز چەراند.**

شڤانێ: ناوە، تایبەتییە، بکەرە.

پەز: ناوە، تاکە، ناسراوە، بەرکارە

چەراند: کارە، ڕابردووە، تێپەڕە

کتێب هەواڵنامە

# بەرکـــــار

| ژ | ڕستە |
|---|---|
| 1 | پشیلە گۆشت دەخوات. |
| 2 | دارا خشت دەبڕێت. |
| 3 | فەرهاد نووسراوەکەی خوێندەوە. |
| 4 | نازدار نێرگز دەڕوێنێت. |

**بەرکار:** وشەیەکە لە ڕستەدا بەشی کار تەواودەکات، ئەرکی کارەکەی دەکەوێتەسەر، هەمیشە لە ڕستەیەکەدا هەیە کە کارەکەی تێپەڕبێت.

**بەرکار لەگەڵ ئەم دەمانەی کاردا بەکاردێت:**

| ژ | دەمی کار | ڕستە |
|---|---|---|
| 1 | ڕابردووی تێپەڕ | ئازاد نامەکەی برد. |
| 2 | ڕانەبردووی تێپەڕ | ئازاد نامەکە دەبات. |
| 3 | داخوازی تێپەڕ | ئازاد نامەکە ببە. |

**بەرکار بەم شێوانە دەردەکەوێت:**

| ژ | بەرکار | ڕستە |
|---|---|---|
| 1 | ناوی تایبەتی | ئاواز سۆرانی بۆ بازاڕ نارد. |
| 2 | ناوی ناسراو | بارام نامەکەی نووسی |
| 3 | ناوی نەناسراو | بارام نامە دەنووسێت. |
| 4 | ناوی واتایی | ئێمە ئازادی مان دەوێت. |
| 5 | جێناوی کەسی سەربەخۆ | تۆ ئێمەت هاندا. |
| 6 | چاوگ | نووسینەکە بخوێنەرەوە. |
| 7 | گرێی ناوی | دیوانی مەحوی م کڕی. |

هەوالنامەی کتێب

**ڕاهێنانی یەکەم، لاپەڕەی 114، بەرکار لەم ڕستانەی خوارەوە دەربهێنە :**

| ژ | ڕستە |
|---|---|
| 1 | گوڵەکانم ئاودا. |
| 2 | زەوییەکە ئاوەکە هەڵدەمژێت. |
| 3 | کۆترەکەت فڕاند. |
| 4 | ئەسپەکەمان بۆ نارد. |
| 5 | خانووەکەیان بۆ ئازاد دانابوو. |
| 6 | گورگەکەتان گرد. |

**ڕاهێنانی دووەم، لاپەڕەی 115، ئەم وشانەی خوارەوە وەك بەرکار لە ڕسەدا بەکار بهێنە :**

| ژ | وشە | ڕستە |
|---|---|---|
| 1 | زەوی | جوتیار زەوی دەکێڵێت. |
| 2 | جل | ژنەکە جل دەشوات. |
| 3 | مەڕەکە | شوانەکە مەڕەکەی لەوەڕاند. |
| 4 | ئێوە | ئێوە بینران. |
| 5 | خۆمان | خۆمانیان برد. |
| 6 | سێو | دارا سێو دەخوات. |
| 7 | پوش | پووشەکەیان برد. |
| 8 | پەپولە | پەپولەکەی گرت. |
| 9 | شیر | پشیلە شیر دەخوات. |

**ڕاهێنانی سێیەم، لاپەڕەی 115، شیکردنەوە:**

**یەکەم/ ئاسك گیا دەخوات.**

ئاسك: ناوە، تاکە، نەناسراوە، بکەرە.

گیا: ناوە، تاکە، نەناسراوە، بەرکارە.

دەخوات: کاری ڕانەبردووی تێپەڕە.

ات: جێناوی لکاوە، بۆ کەسی سێیەمی تاك، دەگەڕێتەوە بۆ بکەر.

**دووەم/ شێرەکەمان لە دارستانەکە بینی.**

شێرەکە: ناوە، ناساروە بەرکارە.

مان: جێناوی لکاو بۆ کەسی یەکەمی کۆ، بکەر.

لە دارستانەکە: تەواوکەری بەیاریدەی کاری تەواو

بینی: کاری ڕابردووی تێپەڕ.

## بەشی ئەدەب

یەکەم/ موفتی پێنجوێنی ............................. 52
دووەم/ مارف بەرزنجی .............................. 53
سێیەم/ قەدریجان .................................. 54
چوارەم/ بێکەس ...................................... 55
پێنجەم/ ئەمین زەکی بەگ ............................ 56
شەشەم/ ئەسیری .................................... 57
حەوتەم/ دلّدار ....................................... 58
هەشتەم/ سالح یوسفی ............................... 59
نۆیەم/ دکتۆر کامیران بەدرخان ...................... 60
دەیەم/ کاردۆخی ..................................... 61
یازدەیەم/ سادق بەهائەدین .......................... 62
دوازدەیەم/ سوارەی ئیلیخانی زادە .................. 63
سیازدەیەم/ ئەحمەد دلّزار ............................ 64

هەوارنامەی کتێب

# موفتی پێنجوێنی

ناوی مەلا (عەبدوڵا كەریم)ە، لە ساڵی 1881ز لە دێی بێساران، لە ناوچەی پێنجوێن لەدایكبووە، لە تەمەنی منداڵییەوە چووەتە بەر خوێندنی حوجرە، لەسەرەتادا لای باوكی خوێندوویەتی، ئینجا بەدوای خوێندندا كەوتۆتە گەڕان، بە ناو شارەكانی كوردستاندا، وەك: پێنجوێن، مەریوان، بانە، سەقز، بۆكان، مهاباد، سەراو، سەروچاوە و بیارە.

لە كاتێكدا كە دواقۆناغی خوێندنی لە بیارە دەبێت، بەهۆی زیرەكی و قسە ڕەوانییەوە، مەلای گەورەی ئەوكاتەی بیارە مامۆستا (مەلا عبدولقادر) نازناوی موفتی پێبەخشیوە، چونكە هەر لەوكاتەدا، موفتی شاری سنە ناوی (مەلا عەبدوڵای موفتی)بوو، ئەمیش بەهەمان یادەوە، ئەم نازناوەی پێدەبەخشرێ.

لە ساڵی 1946ز كە كۆماری كوردستان لە مهاباد دامەزرا، هەرچەندە نەخۆش بوو، بەڵام خۆشەویستی ئەم سەربەخۆییەی كۆماری كوردستان، گەیاندییە ناوجەرگەی ئەم كۆمارە، تا بە چاوی خۆی ئاواتی چەند ساڵەی ببینێت، لەوێ چەند پارچە هۆنراوەی بۆ كۆماری كوردستان نووسیوە، لە گۆڤاری (هەڵاڵە) بڵاوی كردۆتەوە، لـــە ڕۆژی 15-6-1952ز كۆچی دوایی كرد و لە گۆڕستانی (حاجی شێخ)دا، لە پێنجوێن بە خاك سپێررا. موفتی لە كاتێكدا ئەو دیمەنە جوانانەی كوردستانی دیوە، بەناو گوڵ و گوڵستانەكاندا گەڕاوە و ئیلهامی شیعری پێبەخشیوە.

هۆنراوەی موفتی زادەی بیرێكی خۆماڵی و ئێش و ئازاری تێكڕای نەتەوەكەی بووە، چاوی لە ئاسۆی ڕزگاری كورد و پێشكەوتنی باری ژیان و دۆخی كۆمەڵایەتی كوردستان بووە،

موفتی لە هۆنراوەكانیدا:

-هانی ئیشكردنی داوە، جووتیار و ڕەنجبەرانی كوردی لاواندووەتەوە، بەكڕ زۆرداردا چووە.

-ڕەخنەی لە دەرەبەگایەتی گرتووە.

-لە بواری بڕوابوون بەسەربەستی و توانای ئافرەت و هێنانە گۆڕی ئیشكردنی سیاسی و پشتبەستن بە توانای ئافرەت، هەمیشە ئافرەتی بۆ ئیشكردن و باوەڕ بە خۆكردن هانداوە، سەرەستی ئافرەتی بە بەردی بناغەی گۆڕانكاری كۆمەڵ داناوە.

-لە ڕووی ڕووخسارەوە هۆنراوەكانی سادە و ڕەوان و بێگرێن، خوێندەوار و نەخوێندەوار تێیدەگەن.

لە ساڵی 1959ز بەشێك لە هۆنراوەكانی بەناوی سۆزی نیشتیمان چاپكراوە، لە ساڵی 1990ز سەرجەم هۆنراوەكانی بە نـــاوی دیوانی موفتی پێنجوێنی چاپكراوە.

## گەورەیەك

گەورەیەك بۆ كەس نەبێ سێبەری        خۆم بۆ بگێڕم لـــە دەوری سەری
بەوشـــــكی بۆچی ببمە مەیتەری        وەختێ دەركەوێ هەستم لەبەری
هەر خـــۆی دایما هەوڵی ژیانی بێ        یاخوا ئەو گەورە بەشی نەمانی بێ

# مارف بەرزنجی

ناوی (مارف عەبدولکەریم)ە، لە بنەماڵەی شێخ حەسەنی (قەرە چێوارین)، لە مانگی شوباتی 1921ز لە دێی قادرکەرەم لە دایکبووە، لە تەمەنی منداڵیدا چۆتە قوتابخانە، پۆلی چوارەمی سەرەتایی لە قادرکەرەم خوێندووە، پاشان هاتۆتە کەرکوك، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی لە کەرکوك تەواوکردووە، لە ساڵی 1944 – 1945ز لە کۆلێجی ماف وەرگیراوە، لە ساڵی 1948ز تەواووی کردووە و بووە بە پارێزەر.

تێکۆشەرێکی ئازا و فیداکار و لە خۆبردووبووە، لە زووربەی ڕاپەڕین و خۆپیشاندانەکانی ساڵانی (1948 ، 1952 ، 1956)ز بەشداری کردووە، لە ماوەی ژیانیدا، دووچاری دەربەدەری و گرتن بووە.

لەدوای شۆڕشی چواردەی تەمووزی 1958ز، بە سکرتێری ئاشتیخوازانی شاری کەرکوك هەڵبژێردراوە، لەسەر داخوازی جەماوەر بە سەرۆکی شارەوانی شاری کەرکوك دامەزرێنرا، پاش مانگ و نیوێك بە هۆی ئاژاوە و هەرای کەرکوکەوە، لە ساڵی 1959ز کە لە ڕۆژی ئاهەنگی یادی یەکەمی شۆڕشی چواردەی تەموزەوە ڕوویدا، گیرا و درا بە دادگای عورفی و بڕیاری لە سێدارەدانی بۆ دەرچوو، دوای کودەتای هەشتی شوباتی 1963ز، لە ڕۆژی 23-6-1963ز لە سێدارەدرا و گیانی بە خاك سپارد.

**بەرهەمە ئەدەبییەکانی شێخ مارفی شاعیر و نووسەر و ڕۆژنامەنووس بریتین لە مانە :**

**یەکەم : هۆنراوە/** وەك شاعیرێکی ناسراو لە سەردەمی دەرچوونی گۆڤاری (هیوا، شەفەق، ڕووناهی) و دواتریش ڕۆژنامەی (ئازادی) دەرکەوتووە و هۆنراوەکانی بڵاوکردۆتەوە.

**دووەم : وتـــــار/** دوو جۆر وتاری نووسیوە:

A -وتار لە سەر ئاشتی و دیموکراسی.

B -وتاری ڕەخنەیی و لێکۆڵینەوەی ئەدەبی، ڕەخنەگرێکی هەڵکەوتووبووە، کۆمەڵێك وتاری ڕەخنەیی و لێکۆڵینەوەی ئەدەبی نووسیوە لە گۆڤار و ڕۆژنامە کوردییەکان بڵاویکردووەتەوە.

**سێیەم : چیرۆك/** چیرۆکنووسێکی بەتوانا بووە، چەند کورتە چیرۆکێکی نووسیوە، وەك (ئاواز و کەباب، گای پیرۆز، شەتڵ، جەژنێکی شادی، نامەی سەرسنوور، سەرلەبەیانی نەورۆزێك).

شێخ مارف ڕووناکبیرێکی چالاکی سەردەمەکەی بووە، زمانی عەرەبی و تورکی و ئینگلیزی زانیوە، گەلێك بابەتی ئەدەبی و کۆمەلایەتی و سیاسی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی.

لەمەیدانی ڕۆژنامەگەریدا، وەك ڕۆژنامەنووسێکی شارەزا ئەندامی دەستەی نووسەرانی گۆڤاری شەفەق بووە.

شێخ مارف بەرهەمەکانی بە ناوی پشکۆ یان شوان بڵاوکردووەتەوە.

لە ساڵی 1993ز بەرهەمەکانی کۆکراونەتەوە و لە کتێبێکدا چاپکراوە، بە ناوی **سەرجەم بەرهەمەکانی مارف بەرزنجی شەهید**.

# قەدریجان

ناڤێ وی (عبدالقادر عزیزجان)ە، ل سالا 1911ێ ل کوردستانا باکور، ل گوندێ دێریك ل ڕەخ باژێرێ ماردین ڤە ژ دایکبوویە، ل هەمان گوند دەست ب خواندنێ کرییە، هەتا گەهشتییە قۆناغا خانە مامۆستایان ل باژێرێ ئەزمیرێ ب دوماهی ئینایە، دناڤبەرا ئەسکەندەروونە و ئەنتاکییێدا بوویە مامۆستا، ل سالا 1931ز ژبەر ڕەوشا سیاسی چوویە جزیرێ، چەندەك ژ ژیانا خۆ ل وێرێ برە سەر، پاشی چوویە دیمەشقێ و ئامودە و قامیشلۆ، ل قامیشلۆ بوویە مامۆستا و پاشی ڤەگوهاستن بۆ وەزارەتا پەروەردێ ل دیمەشقێ وەکو فەرمانبەر، ل دوو ماهیێ بوویە سەرپەرشت، هەر دڤێ قۆناغێدا دگەل نڤیسەر و ڕۆژنامە نڤیسێن ناڤدار د. کامێران بەدرخان و نورەدین زازا و جگەرخوێن و ئوسمان سەبری کەفتییە کاری دەست ب بەلاڤکرنا گۆڤارا هاوار کرییە، د سالا 1936ز هۆزانڤان قەدریجان ئێکەمین هەڵبەستا سەربەسی نڤیسییە و بلاڤکرییە، بڤێ چەندێ دبیتە سەرکێشێ کاروانێ هەڵبەستا هەڤچەرخا کوردی، ئێك بوویە ژ وان هۆزانڤانێن هەردەم نویکرن د تۆرێ کوردیدا کرییە، ل سالا 1955زدەست ژ کارێ وەزارەتا پەروەردێ بەردایە، ژیانا وی پر نەخۆشی بوویە و چەندین جاران کەفتییە زیندانا، ل سالا 1957ز دگەل شاندێ لاوێن کورد ژ سوریێ چوویە موسکۆ ژبۆ پشکداری کرنێ د ڤیستڤالا شەشێ یا لاوێن جیهاندا، بارزانی نەمر ژێ دیت.

جارەکا دی ڤەگەڕیا سەرکارێ میری و ل سالا 1971ز هاتە خانەنشینکرد، ل ڕۆژا 9-8-1972ز د ژیێ 61 سالیدا کۆچا دوایییدەکات و ل گۆڕستانا خالد نەقشبەندی ل دیمەشقێ دهێتە ڤەشارتن.

قەدریجان دوو سرووود ب بارزانیێ نەمر گۆتییە، ل ژێر ناڤێ سەرداری کوردان بارزانی و شێرێ وەلات.... بارزانی هات.

قەدریجان د زۆر گۆڤار و ڕۆژنامەدا هەلبەست بەلاڤکرینە و پشکدرای د دانانا چەندین پەرتوکێن فێرگەهادا کرییە و زۆر هۆزانێن چاپ نەکری هەنە، شارەزایی د زمانێ تورکی و عەرەبی و فرەنسیدا هەبووە، زێدەباری زمانێ کوردی ب هەردوو زاراڤێن کرمانجی سەروو و کرمانجی خواروو.

## بەرهەمێن قەدریجان:

داستانەك ب هۆزان، ئەلفوبێیا کوردی، دیوانا هەڵبەستا 1957، ڕۆمانێ شڤانێ کورد یا عەرەبێ شەمۆ ژ فرەنسی وەرگێرایە سەر زمانێ کوردی، سالا 1947ز، ب پیتێن لاتینی ل بەیروتێ چاپکرییە.

## بەگێ ئاخر زەمان

| | | |
|---|---|---|
| دۆســــــتی من | بـــــــەنی وی ڕزییا | دەریا ســــــۆر ژ فیرعەون و |
| دوژمنێ پۆســـتی من | لـــــە ناڤا ڕێ قەتییا | چەند خودێ بچوکرا بوو کەفەن |
| بەگێ ئاخر زەمـــــان | ئو ................ کەت | |
| ئەڤ زەمبیلا تە پێ هات | کەتە ناڤا دەیـــــا سۆر | |
| نەمە داتێ ژ ئاســـــمان | دەریا سۆر ژێڕابوو گۆڕ | |

# بێکەس

ژیانی پڕ لە دەردەسەری و کول و کۆڤان و مشەختی و دەربەدەری بووە، بە هۆی ئەوە فایەق عەبدوڵلا بەگ نازناوی (بێکەس)ی بۆ خۆی هەڵبژاردووە و لە ناو خەڵك هەر بەو ناوە ناسراوە، فایەق لە ساڵی 1905ز لە گوندی سیتەك کە دەکەوێتە باکوری ڕۆژهەڵاتی سلێمانی لە دایکبووە، لە منداڵییەوە لە حوجرەی فەقێیان خوێندوویەتی، ماوەی چەند ساڵێك لە بەغدا ژیاوە، پاشان باوکی ڕوو لە تورکیا دەکات، داکیشی دوای ئەوە هەر لە بەغدا کۆچی دوایی دەکات، بۆیە فایەق لە ساڵی 1918ز دێتەوە سلێمانی، لای مامی لەوێ دەچێتەوە بەر خوێندن، دووبارە لە ساڵی 1924ز دەچێتەوە بۆ بەغدا، دوای یەك دوو ساڵ دەگەڕێتەوە، ماوەیەك لە (ئەشغال) کاردەکات، ئینجا دەبێتە مامۆستا لە قوتابخانەی سەرەتاییەکان.

بێکەس شاعرێکی کوردپەروەر و وڵاتپارێزبووە، چەند جار لەبەر بزاڤی ڕامیاری تووشی گرتن و لەکاردەرکردن بووە، چاونەترس و ئازابووە، بەشداری ڕاپەڕینەکەی (6)ی ئەیلولی 1930ز بەردەرکی سەرا لە سولێمانی کردووە و تیایدا بریندار بووە، هیچ کاتێك گوێی بە پلە و پایە و پارە و پول نەداوە، نزیکبووە لە بزاڤە ڕامیارییەکانی ئەوکاتەوە وەك: بزاڤی (ژ.ك) پاشان (پارتی دیموکراتی کوردستان). شیعرەکانی بۆ خزمەتکردنی گەل و نیشتیمانەکەی تەرخانکردووە، بەشی زۆری هۆنراوەکانی باس لە کوردایەتی و نیشتیمانقەروەری دەکەن، بێجگە لەوە بابەتەکانی کۆمەڵایەتی پانتاییەکی فراوان داگیردەکەن.

لە دیوانەکەی کۆمەڵە سروودێکی زۆر خۆی بۆ منداڵان داناوە، کە سەردەمانێکی دوور و درێژ قوتابیانی سەرەتایی بە ئاوازی خۆشەوە هەموو بەیانییەکلە قوتابخانەکانیان دەیان گوت، لەوانە:

**خوایە وەتەم ئاواکەی، شاخی ڕەنگاوڕەنگی گۆیژە، ئەی دلێران بێچووەشێران.**

لە ڕۆژی 18-12-1948ز لە هەڵەبجە کۆچی دوایی کرد، لە گۆڕستانی گردی سەیوان، لە سلێمانی بە خاك سپێردرا. لە ڕۆژی 19ی حوزەیرانی 1947ز کاربەدەستان و دەسەڵاتدارانی حکومەتی ئێراق چوار ئەفسەری کوردپەروەریان لە سێدارەدا، ئەوانەی بەشداریان لە دامەزراندنی کۆماری مهاباد کردبوو، چوار ئەفسەرە شەهیدە جوانەمەرگەکە ئەمانە بوون:

عیزەت عەبدولعەزیز، محمد محمود قودسی، مستەفا خۆشناو، خەیروڵا عەبدولکەریم). بێکەس ئەم پاچە هۆنراوە بە سۆزەی لە پێشوازی ئەو شەهیدانە گوتووە، کە تەرمی دوانییان لە بەغداوە بۆ سلێمانی براوە.

**قەومی کورد ئیسپاتی کرد بۆ عالەمی سەر ڕووی زەمین**
**میللەتێکی قـــارەمانن هەر ئەبێ ســـــەربەست بژین**

**میللەتێ لاوی لە ڕێگەی ســــــــەربەخۆیی نیشتیمان**
**بێتە بەر سێدارە، بێ ترس دەم بە خەندە و پێکەنین**

**قەومی وا نامرێ، ئەژێ، بـــــا دوژمنی هەر شەق بەرێ**
**ساحێبی ڕۆڵەی نەبەردە، خاوەنی عـــــەزمی مەتین**

# ئەمین زەکی بەگ

مێژوونووس و ڕووناکبیر و ئەدیب و گەورەپیاوی کورد ناوی (محەمەد ئەمین زەکی عەبدولڕەحمان مەحمود)ە، لە ساڵی 1880ز لە شاری سلێمانی لە دایکبووە، ساڵی 1892ز چۆتە قوتابخانەی سەرەتایی و ئینجا دوای ساڵێك چووەتە پۆلی دووەمی قوتابخانەی ئامادەیی عەسکەری لە بەغدا، پاشان خوێندنی عەسکەری لە ئەستەمبوڵی پایتەختی دەوڵەتی عوسمانی تەواودەکات، لە لەشکری شەشەم لە ساڵی 1902ز دەبێتە ئەفسەر، لە سوپای عوسمانیدا، گەلێك پایە و پلەی جۆراوجۆری پێسپێرراوە، لە جەنگی گەورەی یەکەم، لە بەرەکانی جەنگ لە ئێراق و فەلەستین و قەفقاسیا، لە کۆمەڵەی دەستنیشانکردنی سنوور لە نێوان دەوڵەتی عوسمانی لەگەڵ هەریەك لە ڕووسیا و بولگاریا ئەندام بووە.

لە ساڵی 1924ز هاتۆتەوە ئێراق و بووە بە مامۆستای قوتابخانەی عەسکەری، چەند جارێك پۆستی وەزارەتی جۆراوجۆرەکانی پێسپێرراوە، هەروەها لە پەرلەمانی ئێراقدا، بووەتە نوێنەری شاری سولێمانی، لە ساڵی 1942ز دەستی لە وەزارەت کێشاوەتەوە، تا تەمەنی 68 ساڵیدابە ئەندامییەتی ئەنجومەنی پیران ماوەتەوە، لە 10ی تەمووزی 1948ز کۆچیدوایی کردووە، لە شاری سلێمانی لە گردی سەیوان نێژراوە.

ئەمین زەکی بەگ هەر لە منداڵییەوە خولیای مێژوو و شوێنەواری کۆن بووە، بەهرەیەکی زۆری لە زانستەکانی عەرەبی، تورکی، فارسی وەرگرتووە، شارەزاییەکی زۆری لە زمانەکانی ئینگلیزی و فەرەنسی هەبووە، دەیان پەرتووکی بە زمانی تورکی لە بارەی کاروباری سەربازییەوە داناوە.

**بە زمانی کوردیش کۆمەڵێك پەرتووکی مێژوویی داناوە، وەك:**

یەکەم/ خولاسەیەکی تاریخی کورد و کوردستان.

دووەم/ ناودارانی کورد (مشاهر الکرد) بە زمانی کوردی لە دوو بەرگدا دایناوە.

سێیەم/ تاریخی لیوای سولەیمانی بە کوردی لە 1937ز لە بەغدا چاپکردووە.

# ئەســـــیری

ناوی عەبدولخالق حوسێن نەقشبەندییە، نازناوی شیعری ئەسیریە، لە ساڵی 1890ز لە شاری کەرکوك لە گەڕەکی ئەخی حوسێن لە دایکبووە، چاوی بە دیمەنە جوانەکانی کوردستان کراوەتەوە و لە ناو گوڵزاری خوێندن و زانیاری و ئەدەبدا خونچەی ژیانی پشکوتووە، هەر لەسەرەتای منداڵییەوە، بۆ خوێندن چووەتە حوجرەی مزگەوت، گەلێك شوێنی کوردستان گەڕاوە بە دوای زانست و فێربووندا، وەك: سولەیمانی، بانە، سەقز، سنە، کرماشان و هەمەدان، لە دوایدا گەڕاوتەوە کەرکوك، لە ماوەی خوێندنیدا، فێری گەلێك جۆری زانست بووە، وەك: ڕێزمانی عەرەبی، ڕەوانبێژی، مەنتیق، ئوسوڵی کەلام، ئیجازەی زانستی لە مەلا عەلی حیکمەت سیامەنسوری وەرگرتووە، ئەسیری بەنیازی دیدەنی نەجمەددین ئەفەندی برای، خۆی گەیاندۆتە ئەستەمبووڵ، لەوێ چاوی بە شێخ عەبدولقادری شێخ عوبەیدوڵای نەهری کەوتووە، جموجوڵ و چالاکییەکانی بزوتنەوەی ڕزگاری خوازی گەلی کوردی دیوە، کە لە لایەن کۆمەڵێك لە ڕۆشنبیران و خوێنگەرمی کورد لەو شارە دەکرا، ئەمە کاریگەری گەورەی کردۆتە سەر ئەسیری و عەشقی نیشتیمانپەروەریی لە دڵیدا پەیدابووە.

بە بیستنی هەواڵی کۆچی دوایی باوکی لەگەڵ برانەوەی جەنگی یەکەمی جیهان لە ساڵی 1918ز گەڕاوەتەوە کەرکوك، بۆ سەرپەرشتی کردنی کاروباری تەکیە و ماڵ و خێزانەکەی.

ماوەیەك لە دادگای شەرعییەی کەرکوك بە نووسەری یەکەم دامەزراوە. لە 1-11-1958ز خانەنشینکراوە.

لە ڕۆژی 18-6-1962ز کۆچیدوایی کردووە، لە گۆڕستانی شێخ محێدین لە کەرکوك نێژراوە، ئەسیری شاعیرێکی زانستپەروەر بووە، خەڵکی هانداوە بۆ ئەوەی بچن بۆ قوتابخانە و فێری زانست ببن.

لە هۆنراوەکانیدا داوای یارمەتی و کۆمەککردن و یەکێتی ڕیزەکانی نەتەوەی کوردی کردووە، چونکە زانیویەتی کە گەل بە بێ هاوکاری و یەکێتی لە کاروانی خەبات و تێکۆشاندا بە ئامانجە ڕەواکانی ناگات.

ئەسیری وەك شۆڕەسوارێکی مەیدانی ئەدەبی نەتەوەی کورد لە نێوان ساڵانی 1921 – 1934ز دلێرانە ئەسپی شیعری شۆڕشگێڕی تاوداوە و هۆنراو ئاگرینەکانی، وەك مەشخەڵی گڕی ئاگری باوە گوڕگوڕ تاریکی کوردستانی ڕووناك کردۆتەوە، لەبەر ئەمە بە شاعرێکی شۆڕشگێڕی قۆناغی دوای حاجی قادری کۆیی دادەنرێت.

ئەسیری شەیدای دیمەنە جوانەکانی کوردستان بووە، وێنە و نەقش و نیگاری کوردستانی ڕەنگین، وەستایانە لە ناو تابلۆی هۆنراوەکانیدا دەکێشێت، وەك لەم هۆنراوەیەدا دیارە:

## بێرە کوردستان

بێرە کوردستان عەزیزم گــــــەر تۆ سەیرانت دەوێ		بت بەمە قەندیل ئەگەر گوڵزاری کوێستانت دەوێ

سەیری ئەو خێڵانەکە کــــــە نیشتونە داوێنی چیا		با بچین بۆ ماڵی کوردێ گەر تۆ خوێشـــیانت دەوێ

بت بەمە پای تاقی لای سەرپێڵ و سەر میل و کرند		پێت نیشاندەم سەد هەزار ئاســاری ساسانت دەوێ

# دڵـــــدار

ناوی یونسی مەلا ڕەوفە، لە 20ی شوباتی ساڵی 1918ز لە کۆیە لە دایکبووە، بۆ یەکەم جار لە ڕانییە دەچێتە قوتابخانە و لە خوێندن بەردەوام دەبێت، تا ساڵی 1945ز کۆلێژی ماف (حقوق) لە بەغدا تەواودەکات و دەبێتە پارێزەر.

دڵدار هۆزانڤانێکی نیشتیمانپەروەر بوو، شەیدای سروشتی جوانی وڵاتەکەی بوو، هۆنراوەکانی حاجی قادری کۆیی، نالی، عەونی، وەفایی، کوردی، بێکەس و پیرەمێرد سەرچاوەی ئیلهامی شیعری دڵدارن، هەروەها سروشتی جوان و ڕەنگینی کوردستان، هۆیەکی سەرەکی بوو، لە بەهرەی شیعری دڵدار، سەرەڕای ئەمەش باری ناخۆشی ژیانی خۆی و ئەو باروودۆخەی کە گەلی کورد تیا دەژیا، ئەمانە هەموو پێکەوە هەوێنی شیعری دڵدار بوون، ئەگەر مەرگ کۆتایی بە ژیانی کورتی نەهێنابا، بێگومانبووین لەوەی کە دڵدار دەبووە لوتکەی بەرزی ئەدەبیاتی کوردی.

یەکەم پارچە هۆنراوەی لە ساڵی 1935ز لە ژمارە 2ی گۆڤاری ڕۆناکی بڵاوکردووەتەوە. دڵدار لە هۆنراوەکانیدا، توانا و بەهرەیەکی زۆرە پیشانداوە و خاوەنی فەلسەفەیەکی بەرز بووە، شەیدای بیروباوەڕی کوردایەتی بووە، هۆنراوەکانی سادە و ڕەوان و پڕسۆزن، بەشی زۆریان بەدەوری بابەتی نیشتیمانپەروەری و کۆمەڵایەتیدا دەسوڕێتەوە، دیوانێکی چاپکراوی بە ناوی **دیوانی دڵدار**، لەگەڵ دەین وتاری بە نرخی ئەدەبی، ڕامیاری و ئابووری لە دوای خۆی بەجێهێشتووە، لە 12-11-1948ز لە شاری هەولێر ماڵئاوایی لە کوردستان کرد، هەموو ئاواتەکانی بەو تەمەنە کورتەوە بردە ژێر خاك.

کوردستانی خۆش نیشتیمانی جوان　　تۆ قیبلەگاهی منی بێگومان

چاوم پشکوتووی شـــــاخەکانتە　　فێری ژیانی باخەکـــــانتە

دەنگی شەشاڵی شوانەکــــــانت　　زریق و بـــاقی جوانەکانت

# ســـالح یوســـفی

ناوی سالّح عەبدولاّ یوسفی یە، یەکێك بوو لە ڕووناکبیر و تێکۆشەرانی گەلەکەمان، لە ساڵی 1918ز لە گوندی بامەڕنێ سەر بە قەزای ئامێدی لە پارێزگای دهۆك، ژ دایکبووە، خوێندنی سەرەتایی لە گوندی بامەڕنێ و دواناوەندیشی لە بەغدا تەواوکردووە، لە ساڵی 1943ز لە کۆلێژی شەریعە لە بەغدا دەرچووە، شاعیر دەورێکی گەورەی گێڕاوە، لە بزاڤی ڕزگاریخوازی گەلی کورد.

ئەندامێکی چالاکی حیزبی هیوا و ئینجا پارتی دیموکراتی کوردستان بووە، لە پاشان دەستەی دامەزراندنی حیزبی سۆشیالیستی کوردستان بووە، هەروەها ڕۆژنامەوانێکی لێهاتووبووە، لە بواری ڕۆشنبیریدا خزمەتی زۆری هەیە، سەرنوسەری گۆڤاری ئەستێرە و ڕۆژی کوردستان بووە، زۆربەی هۆنراوەکانی باسی کوردایەتی دەکەن و بە هۆنراوەی سیاسی دادەنرێن.

هەروەها داوای کردووە، کە بیری ئازادی سەرهەڵبدات و گەشەبکات، لە ساڵی 1981ز بە پیلانێکی ڕەش لە بەغدا شەهیدکرا.

**نموونەی هۆنراوەکانی:**

**ڕۆژا مێر و خورتــا هەلات**

**هاتن ژ هەوارێ تە وەلات**

**ژێێ لاوەتییە خـــــــەلات**

**جانێ خۆ دکەینــە قەلات**

**ئەڤرۆ ڕۆژا مـــــە مێرانە**

**هەولی خورت و عەگیدانە**

هەواڵنامەی کتێب

# دکتۆر کامیران ئەمین عالی بەدرخان

دکتۆر کامیران ئەمین عالی بەدرخان لە ساڵی 1895ز لە ئەستەمبوڵ لەدایکبووە، ژ بنەماڵا بەدرخانیانە، خوێندنی لە ئەستەمبوڵ بە دوو ماهی هینایە، پاش سەرکەوتنی شۆڕشی کەمالستەکان و حاشاکردنیان ژ هەموو مافێن کوردان، سەرۆکێن کوردان ژ وەلات هاتن دوورخستن، ئەمین عالی بەدرخان و کوڕێ وی ئەحمەد سورەیا چوون لە میسرێ ئاکنجی بوون، کامیران و جەلادەت ژی چوونە ئەڵمانیا و دەست ب خاندنا بلّند کر، ل کۆلێژا حقوقێ باوەڕنامە دکتورا وەرگرت، پاشان لە زانکۆی سۆربۆنی فەڕەنسی باوەڕنامەی بلندی فەلسەفە و ئادابی وەرگرت، لە ئەوروپا تێکەڵی لەگەڵ زۆر لە ئەدیب و نفیسەرێن ناڤدار پەیداکرد، وەك: لوسی پۆڵ مارگرێت، مارگرێت ڕۆدینکۆ.

گوتاری بە زمانی کوردی و زمانی تریش لە گۆڤاری هاوار و ڕۆناهی بلاوکردۆتەوە، هەروەها هەڵبەستێن نیشتیمانی لە ژێر ناوی گەڕۆك بلاوکردۆتەوە.

لە دەستپێکی ساڵی 1943ز ل بەیرۆتێ حەفتەنامەی ڕۆژانووی وەشاندووە، هەر لە ساڵی 1943ز گۆڤاری ستێری دەرخست، لە ساڵی 1947ز چووە فەڕەنسا و لەوێرێ سازگەها لێکۆلینێ کوردی دانا و گۆڤارەك بناڤی بولتنا مەرکەزا لێکۆلینێ یا کورد دەرخست، دوازدە ساڵانبە بێ پارە خزمەتەکا زۆری زمانی کوردی لە پەیمانگەی زمانە زیندووەکان کردووە، خزمەتەکا زۆری یا زمان و ئەدەب و دۆزا کورد کرییە، لە ساڵی 1971ز بووە بە ئەندامی کارای کۆڕی زانیاری کورد لە بەغدا، لە ساڵی 1978ز لە لە پاریس دەچێتە بەر دلۆڤانا خودێ و لەسەر وەسیەتا وی ماڵەکەی بۆ دەزگەیێکی چاندنی زانستی بە ناوی بەدرخان کوردستان تەرخانکرا، پاش مردنی کتێبخانەکەی درا بە ئەنیستیتۆی کورد لە پاریس.

دکتۆر کامیران بەدرخان تێکۆشەرێکی سیاسی و ڕووناکبیرێکی ژێهاتی و مەزن بوو، بێجگە لە زمانی کوردی، تورکی، عەرەبی، ئەڵمانی، فەڕەنسی یۆنانی، ئینگلیزی و پۆڵەندی دەزانی، بەرهەمی زۆری هەیە لەسەر ڕێزمان، چیرۆك، پەخشان، ئەلفوبێ، هەروەها فەرهەنگی کوردی فەڕەنسی و ئەڵمانی کوردی داناوە.

بەرهەمەکەی بە ناوی لاوکێ من

هەولنامەی کتێب

# کـــــاردۆخی

ناوی محەمەد ئەمین کاکە شێخی تەوێڵەییە، کە هەر لە تەوێڵەی هەورامان لە ساڵی 1916ز لەدایکبووە، سەرەتا خوێندنی لای باوکی دەستپێکردووە، ئینجا چۆتە قوتابخانە، بەردەوامبووە لەسەر خوێندن تا لە ساڵی 1939ز بووە بە مامۆستای سەرەتایی.

کاردۆخی هەر لە خۆیدا خاوەنی بەهرە و توانایەکی باش بووە، بۆ ڤاهاندن و هۆنینەوەی شیعر، بەڵام شاعیر وەك هۆزانڤانەکانی دی کەوتووەتە بەر کاریگەری شەند هۆیەك، کە ئەو بەهرە و توانایەیان بەهێزتر و پتەوتر کردووە، جگە لەوەش، خۆشەویستی و ئەڤینی سەرچاوە و ژێدەرێکی تری هەڵقڵینی کانیاوی هەڵبەستی بووە، سەرەڕای ئەمانە، جوانی سروشتی کوردستان بۆ سەرچاوەگرتنی شیعری کاردۆخی هۆکارێکی گەورەبووە.

کاردۆخی لە هۆنراوەکانیدا، ڕێچکەی نیشتیمانپەروەری و دڵداری گرتووە، بە دوو شێوەزار هۆنراوەی هەیە، کرمانجی خواروو و هەورامی، دیوانێکی چاپکراوی هەیە، بە ناوی دیوانی کاردۆخی، لە ساڵی 1982ز کۆچیدوایی کردووە، لە کاتی بینینی تەرمی شەهیدەکان لە حامییەی سلێمانی شیعرێکی داناوە، بە ناوی پیرێکی زانا، کە بە هەردوو شێوەزاری کرمانجی خواروو و هەورامی هەیە.

## پیریوٚی زانا

پیریۆ ڕیش چەمە، دونیـــــا دیدەوڕاس  زانا و فامیدە، تــەمام پیا خاس

ئاماو، دیش وەچەم، کەش و کۆ و سارا  قەبرۆ شەهیدا، جە دەرگا و شارا

دیم، هەرەش پیما، تـــــا واچی فری  گرەوی و ناڵی، دەنگی بەرز چڕی

تێبینی/ دیوانی کاردۆخی، چاپی یەکەم، بەغداد، 1978.

هەولێرنامەی کتێب

# ســـــادق بەهــائەدین

لە ساڵی 1918ز لە شاری ئامێدی لە دایکبووە، سەرەتا بە خوێندنی ئاینی دەستی پێکردووە، لە پاشان چووەتە قوتابخانە، قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی، ناوەندی و ئامادەیی بە سەرکەوتوویی بڕیوە، لە خانەی بڵندی مامۆستایان لە بەغدا وەرگیراوە، لە ساڵی 1944ز دەرچووە، لە قوتابخانە ناوەندی و ئامادەییەکان بووە بە مامۆستا، ماوەیەکی زۆر لە گەلێك شاری ئێراقدا مامۆستا بووە.

ئەم نووسەرە زۆر لە مێژبوو خەریکی خوێندنەوەی گۆڤارەکانی هاوار و گەلاوێژ بوو، ئەم گۆڤارانە زۆر کاریان کردە سەر ڕەوشی ڕووناکبیری و سەرچاوەی هاندانی بوون بۆ نووسین، گەلێك گوتار و نووسینی لە گۆڤار و ڕۆژنامە کوردییەکاندا بڵاوکردەوە، ئەندام بوو لە کۆڕی زانیاری کورد، ماوەیەکیش وانەبێژبوو لە بەشی کوردی کۆلێژی ئادابی زانکۆی بەغدا، لە ساڵی 1982ز کۆچی دوایی کرد، بەرهەمێکی زۆری لەدوای خۆی بەجێهێشت، گرنگترینیان ئەمانە بوون:

**بەرهەمەکانی سادق بەهائەدین:**

**یەکەم: ئیدیەمێت کوردی** 1973.

**دووەم: دیوانا مەلایێ جزیریی** 1977.

**سێیەم: دیوانا پەرتەویێ هەکاری** 1978.

**چوارەم: نەوبەهارا سەیدایێ مەزن ئەحمەدی خانی** 1979.

**پێنجەم: هۆزانڤانێت کورد** 1980.

**شەشەم: خان و مان** 1981.

**حەوتەم: مەولیدا مەلایێ باتەیی** 1982.

**هەشتەم: ڕێزمانا کوردی**.

## ســـــــــوارەی ئێلیخانی زادە

ئەم شاعیرە نوێخوازەی ڕۆژهەلاتی کوردستان، ناوی سوارە ئەحمەد ئاغای ئێلیخانی یە، لە شاری بۆکان هاتۆتە دنیاوە، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی لە سەقز و بۆکان و تاران تەواوکردووە، پاشان چۆتە کۆلیجی حقوقی زانستگەی تاران.

سوارە تەنیا تەمەنی مندالی بە خۆشی بردۆتەسەر، دوای ئەوە نەخۆشی و ژێردەستەیی نەتەوەکەی هەراسانی کردووە، لە سالی 1961ز بۆتە ئەندام لە یەکێتی خوێندکارانی کورد لە زانستگەکانی ئێران، لە پەلامارێکی گەورەی گرتن و ڕاونانی دەزگای پۆلیسی شا، سوارەش کەوتە بەندیخانەی تارانەوە، لە بەشی گرتوخانەی سیاسی ئێران.

لە یادی دە سالەی کۆچی دوایی ئەم شاعیرەمان، یەکێك لە نزیکترین هاوڕێ و خۆشەویستی سواررە، بەم جۆرە نوسیویەتی و دەلێ: (لە خۆشاردنە و هەلات هەلاتی مندالانەرا، هەتا خۆشاردنەوە و هەلات هەلاتی سیاسی و کوردایەتی، لە بوکی جوانی کوردستان ڕا، هەتا شاری بە گرمە و دوکەل، چەند جا و چەند سال پەککەوتن و تێهەلچونەوە، پێشمەرگایەتی من و گیرانی ئەو، گیرانی من و کرمانەوەی ئەو، لە بەشی کوردی ڕادوێی تاران و بە ناچاری لە دوو توێی سەد پەرەی ڕەمز و ڕازدا پێدا هەلگوتن بە ئازادی و بە ڕابەری و بەختەوەری ئینسان شیعر و وتاری سیاسی نووسیوە).

### شار

گوڵم، دڵم پڕ لە دەرد و کوڵ

ئەڵێم: بڕۆم لــــە شارەکەت

ئەڵێم: بە جامی ئـــــــــــــــــاوی کانیاوی دێیەکەم

عیلاجی کەم کوڵی دڵی پڕم، لە دەردی ئینتیزارەکەت

وەڕز بوو گیانی من، لە شار و هارە هارِی ئەو

لە ڕۆژی چڵکنی نــــــەخۆش و تاویادی شەو

# ئەحمەد دڵـــــــــــزار

ناوی ئەحمەد مستەفای حەمە ئاغای حەویزی یە، لە ساڵی 1920ز لە شاری کۆیە هاتۆتە ژیانەوە، هەر لە سەرەتای ژیانیدا، بە خوێندنەوە زۆر خۆی خەریککردووە، لە تەمەنی لاویدا، کەتۆتە خەباتی نیشتیمانپەروەریی، لەم ڕێگەیەوە زیندان و ئازار و ئەشکەنجەی زۆری دیوە، شاعیری خەبات و ژیان زۆر باش لەوە گەیشتووە، کە دەبێت خەبات بۆ کۆمەڵانی فراوانی گەل بێت، لەبەرئەوە دەبینین، شیعرەکانی دەخاتە چوارچێوەیەکی ئەوتۆی شیعرەوە، کە بەشێکی زۆر لە زەحمەتکێشان تێیبگەن و بیکەنە گۆرانی و سروودی کاروانی خەباتی خۆیان، وەك دەڵێت: **کارگەرین جەنگاوەرین ڕەنجبەرین تێکۆشەرین**

شیعرەکانی مێژوویەکی خوێناوی ڕێکخراوی چینی کرێکارانی ئێراق بەگشتی و کورد بە تایبەتی باسدەکات، چونکە دڵزار لە ناو ئەو ژیانە سەختەدا پەروەردەبووە، دڵزار دەستێکی باڵای هەبووە، لە وەرگێڕاندا، ئەمەش لە ئەنجامی زیرەکی و شارەزایی شاعیرە، لە زارەکانی کوردی و ئەدەبی بێگانەدا، بەڵگەشمان بۆ ئەوە:

یەکەم: **گە نجینە**/ کۆمەڵە چوارینەکانی بابەتاهیرە، کە لە شێوەی لوڕییەوە کردوویەتی بە زاری کرمانجی خواروو.

دووەم: **پێکەنینی بەهار**/ بەشێکە لە وەرگێڕانی شیعری شاعیرێکی بەناوبانگی فەرەنسی **ڤیکتۆر هۆگۆ** بۆ سەر زمانی کوردی، سەرەتاکەی دەڵێت: **واگەڕانەوە ڕۆژە درێژەکـــــان بە جۆش و خۆشی ڕووناکی پەخشان**

**ئەمەیە بەهار ئازار و نیسان هاتن پێکەوە ڕووخۆش و خـــــەندان**

ئەحمەد دڵزار دوو بەرهەمی بە چاپگەیشتووە، بەناوی ئاوازی ئاشتی، خەبات و ژیان، دڵزار هەر ئەو شاعیرە نییە کە شیعرەکانی هەر بۆ مەبەستی سیاسی تەرخانکردبێت، بەڵکو شاعیر سروشت و بەهار و دیمەنی کوردستانی جوانیشی کردووە بە هەوێنی شیعرەکانی، ئەم هەستە ناسکە و سۆزە بەرزەی شاعیر لە شیعری مانگی گوڵاندا دەردەکەوێت:

## مانگی گوڵان

**مانگی گوڵانە گوڕەی بـــــەهارە زەمین سەرتا پا بـــــــاخ و گوڵزارە**

**مافوری سەوزی هەردان گوڵ گوڵە گوڵشەن بەجاڕێ پڕ لـــــە بولبولە**

**سەرا پا شاخ و باخ و دۆڵ و دەشت چاو ئەندازێکن لە باخچەی بەهەشت**